حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی زمانی کوردی

# تەومژی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

همزه حسين حمه

پێشکەشی (فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان)ی زانکۆی کۆیەی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ . ی . د . طالب حسين علي

٢٧١١ی کوردی ١٤٣٢ی کۆچی ٢٠١١ی زاینی

# پێشەکی

## ٠- ١. ناونیشانی توێژینەوەکە :-

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (تەمومژی لە زمانی کوردی) یە.

## ٠- ٢. کەرەستەی توێژینەوەکە :-

لێکۆڵینەوەکە بە کەرەستەی زاری کوردی ناوەڕاست خراوەتە ڕوو، زۆربەی نمونەکان لە خودی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئەو زارە وەرگیراون، بەڵام لەبەر پێویستی لێکۆڵینەوەکە کەرەستەی زارەکانی وەک: (زاری ژووروو ، زاری لوڕ)ی تێدا بەکارهاتووە، هەروەها جگە لە زمانی کوردی کەرەستەی (زمانی عەرەبی ، زمانی ئینگلیزی) تێدا بەکارهاتووە.

## ٠- ٣. ڕێبازی توێژینەوەکە :-

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی ئێستایی (سینکرۆنیکی) پەیڕەوکردووە، هەروەها لە شیکردنەوەی نمونەکاندا پشت بە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بەستراوە.

## ٠-٤. مەبەست و گرنگی توێژینەوەکە :-

مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەربڕینانەی زمانی کوردییە، کە تایبەتن بە تەمومژی واتاییەوە. دیاردەی تەمومژی لە زماندا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو پێشتر زمانەوانان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە. لە زمانی کوردیشدا ئەم بابەتە باسی لێکراوەو زمانەوانان گرنگییان پێیداوە، بەڵام وەکو لێکۆڵینەوەیەکی  سەربەخۆ و ئەکادیمی تا ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، تەنها لە سەرچاوە و نامە ئەکادیمییەکاندا بەشێك یان تەوەرەیەکی بۆ تەرخانکراوە، بۆیە منیش ئەم بابەتەم هەڵبژاردو کردمە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە.

## ٠-٥. گرفتەکانی توێژینەوەکە :-

یەکێك لەو گرفتانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتۆتە ڕێمان کەمی سەرچاوە بووە بە زمانی کوردی، چونکە تاکو ئێستاش لە زمانی کوردیدا کێشەی کەمی سەرچاوەمان هەیە، بۆیە پەنامان بردۆتە بەر سەرچاوەی بیانی. یەکێکی تر لەو گرفتانەی کە هاتۆتە ڕێمان وەرگێڕانی سەرچاوە بیانییەکان بووە بۆ سەر زمانی کوردی.

## ٠-٦. بەشەکانی توێژینەوەکە :-

ئەم توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە چوار بەش پێکهاتووە، کە هەر بەشێك لەو بەشانە لە چەند تەوەرەیەك پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە ، کە لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکەیە باسی ئەو تەوەرانەمان کردووە (چەمك و پێناسەی تەمومژی، هۆیەکانی پەیدابوونی تەمومژی، جیاوازی نێوان تەمومژی و نادیاری، چەمك

**و پێناسەی هاوبێژی، هۆیەکانی پەیدابوونی هاوبێژی، جۆرەکانی هاوبێژی، چەمك و پێناسەی فرەواتایی، هۆیەکانی پەیدابوونی فرەواتایی، جیاوازی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی).**

**لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا باسمان لە جۆرەکانی تەمومژی کردووە بەم شێوەیە: (تەمومژی ڕێزمانی، کە پێکهاتووە لە تەمومژی ڕۆنانی، تەمومژی گوێزانەوە، تەمومژی داڕشتن، تەمومژی فەرهەنگی، کە ئەویش پێکهاتووە لە تەمومژی فەرهەنگی کاتیگۆری، تەمومژی فەرهەنگی تەواو).**

**لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا تەمومژی و ئاستەکانی زمان باسکراوە، بەم شێوەیە: (تەمومژی ئاستی فۆنۆلۆجی، کە لەم ئاستەدا باسی بڕگە، نێوان کە ئەویش لە (وەستان و هەڵوەستە) پێکهاتووە کراوە، تەمومژی ئاستی مۆرفۆلۆجی، کە لەم ئاستەشدا باسی هاوبێژی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا و فرەواتایی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا کراوە، تەمومژی ئاستی سینتاکسی، لەم ئاستەشدا باسی هاوبێژی لە ئاستی سینتاکسدا و فرەواتایی لە ئاستی سینتاکسدا) کراوە.**

**لە بەشی چوارەمی توێژینەوەکەدا، کە دوا بەشە باسی ڕێگاکانی ڕەواندنەوەی تەمومژی کراوە، بەم شێوەیە: (دەوروبەری بەکارهێنان، کە لەم ڕێگایەدا باسی جۆرەکانی دەوروبەر (سیاق) کراوە، هێز، لەم ڕێگایەشدا باسی هێز وەك نیشانەی کات کراوە، ئاوازە، هەروەها لەم ڕێگایەشدا باسی ئاستەکانی پلەی ئاوازە کراوە، هاوواتایی، لەم ڕێگایەشدا باسی جۆرەکانی هاوواتایی کراوە، ڕێگای گروپ گروپ کردن لە کەوانەدا، ڕێگای یارمەتیدەری دەوروبەر).**

# بەشی یەکەم

## لایەنی تیۆری تەمومژی

- چەمك و پێناسەی تەمومژی .
- هۆیەکانی پەیدابوونی تەمومژی .
- جیاوازی نێوان تەمومژی و نادیاری
- چەمك و پێناسەی هاوبێژی .
- هۆیەکانی پەیدابوونی هاوبێژی .
- جۆرەکانی هاوبێژی .
- چەمك و پێناسەی فرەواتایی .
- هۆیەکانی پەیدابوونی فرەواتایی .
- جیاوازی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی .

## بەشی یەکەم

### ١. لایەنی تیۆری تەمومژی.

### ١-١. تەمومژی:-

### ١-١-١. چەمك و پێناسەی تەمومژی:-

**تەمومژی (Ambiguity) وەك دیاردەیەك لە بواری زمانەوانیدا بۆ ئەو وشە و فرێز و ڕستانە بەکاردێت کە زیاتر لە واتایەك دەبەخشن، ((چونکە زمانێکی وا نموونەیی نییە کە توانستی ئەوەی هەبێت بەرانبەر هەموو وشەیەك واتایەك دابنێت)) (جون لاینز، ١٩٨٠: ١٦). بۆیە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ واتایەك زیاتر دێتە ئاراوە، کە ئەمە بۆ خۆی ڕوویەکە لە ڕووەکانی تەمومژی. ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی زمانەکاندا لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا بەدیدەکرێت، واتە تەمومژی وەك دیاردەیەکی زمانیی سەرنجی زۆرێك لە زانایانی زمانی ڕاکێشاوە. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە بە چەندین جۆر پێناسەی بکەن، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو:**

**١- ((تەمومژی لە زماندا ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی زمانیی لە واتایەك زیاتر بگەیەنێت)) (حیلمی خلیل، ١٩٨٨: ٣٠).**

**٢- ((واتای گشتی ئەم زاراوەیە بریتییە لەوەی کە وشەیەك یان ڕستەیەك گوزارشت لە واتایەك زیاتر بکات)) (Crystal, ١٩٩٢: ١٧).**

**٣- ((تەمومژی لەوانەیە تەنها لە وشەیەکەوە بێت یان لە شێوازی پێکهاتەی ڕستەیەکەوە بێت)) (Trask, ١٩٩٣: ١٣).**

**٤- ((ئەگەر وشەیەك یان فرێزێك لە لێکدانەوەیەك زیاتری هەبێت، ئەوا دەوترێت ئەو وشەیە یان ئەو فرێزە تەمومژاوییە)) (Horsy, ٢٠٠١: ٧). لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەربڕینێك یان ئەو فرێز و ڕستانەی کە تەمومژاوین مانای ئەوە نییە کە لەڕووی ڕێزمانەوە نادروستن، یان پەسەند نین، چونکە ئەو ڕستانە وەك کەرەستە و پێکهاتەی سینتاکسی لەڕووی ڕێزمانەوە دروستن، واتە ڕستەی ڕێزمانیو پەسەندن لای قسەپێکەرانی زمانەکە. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە پەسەندکردنو شیکردنەوەو لێکدانەوەی تەمومژی واتایی لە زماندا بە یەکێك لە ئامانجەکانی تیۆری واتاسازی (سیمانتیکی) دابنرێت، هەر ڕستەیەکیش تەمومژاوی دەبێت، کاتێك کە دوو واتا یان زیاتر لە دوو واتا بەدەستەوە بدات. تەمومژی واتایش دەکرێت بەجۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکەو ئەو واتایەی کە وەریدەگرێت، دابنرێت. بۆیە بۆ لێکدانەوەی هەر ڕستەیەکی تەمومژاوی ئەوا ئەو ڕستەیە لە واتایەك زیاتری هەیە، یان بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، زیاتر لە ڕۆنانێکی ژێرەوەی هەیە، کە بەپێی یاسای گوێزانەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە هەڵگوێزراون بۆ ڕۆنانی سەرەوە.**

هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینی ئەو ڕستەیە لە دەرەوەی دەوروبەر (سیاق)ی خۆیدا، چونكە هەر ڕستەیەك لەو ڕستانە كاتێك كە لە دەوروبەر (سیاق)ی تەواوی خۆیدا بەكاربێت ئەوا تەمومژی لە ڕستەكەدا نامێنێت و مەبەستەكەشی ڕوون و ئاشكرا دەبێت.

لێكۆڵینەوە لە تەمومژیدا وەكو تایبەتییەكی ئاستی سیمانتیكی تەماشا دەكرێت، چونكە پەیوەندی بە لێكدانەوەی واتاوە هەیە، لە هەمان كاتدا پەیوەندی بە ئاستەكانی تریشەوە هەیە، واتە وەكو كەرەستە بۆ ئەو جۆرە لێكدانەوەیە لە ئاستەكانی (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاكس)دا بەكاردێت.

هەموو دەربڕینێكی تەمومژاوی لە زماندا یەك سیمای هەیە، بەڵام لە بنجێك زیاتری هەیە، یان ڕۆنانی ژێرەوەی كەرەستەیەكی تەمومژاوی لە زماندا لەیەك ڕۆنان زیاترە، بۆ نموونە:-

ڕان

١- ڕانی مرۆڤ (ئەندامی لەش). ٢- مێگەل.

لە ئێرانەوە

١- لەمڕۆ بەدواوە. ٢- لەم ڕێگایەوە. ٣- لە وڵاتی ئێرانەوە.

پێتان هەڵگرن.

١- پەلە بكەن. ٢- پێتان بەرز بكەنەوە.

وەك ئاشكرایە كە هەر یەك لەو نموونانەی سەرەوە زیاتر لە یەك ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە، بۆیە بەو یەكە زمانییانە دەوترێت كەرەستەی تەمومژاوی. ئەوەی لە دیاردەی تەمومژیدا بەدی دەكرێت ئەوەیە، كە

هەندێك لە کەرەستە تەمومژەکانی زمان زیاتر لە نووسیندا تەمومژاوین، بەڵام لە وتندا یان لە دەورووبەر (سیاق)ی بەکارهێناندا تەمومژییەکەیان دەڕەوێتەوە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٨١).

## ١-١-٢. هۆیەکانی پەیدابوونی تەمومژی:-

گەلێك هۆکار هەن کە دەبنە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی تەمومژی لە زماندا:-

١- بوونی هاوبێژی و فرەواتایی وەکو دوو دیاردەی تەمومژی واتایی بە هۆیەکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێن بۆ پەیدابوونی دیاردەی تەمومژی لە زماندا. تەنانەت هەندێك لە زمانەوانان ئەو دیاردانە بە تاکە هۆی پەیدا بوونی تەمومژی لە زماندا دادەنێن ، چونکە ئەگەر لە هۆیەکانی تری وەك (فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی....هتد)یش بکۆڵینەوە، دەبینین لەو دیاردانە بەدەرنین (حیلمی خلیل، ١٩٨٨: ٩٧). دیاردەی تەمومژی لە زمانی کوردیدا لە (هاوبێژی)دا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە:

بیر

١- بیر: (فکر - هزر)

٢- بیر: بیری ئاو

دوو وشەی هاوبێژن و هیچ پەیوەندییەکی واتایی بەیەکیان نابەستێتەوە.

شیر

١- شیر: شمشێر

٢- شیر: شیری خواردنەوە

ئەمانەش دوو وشەی هاوبێژن و هیچ پەیوەندییەکی واتایی بەیەکیان نابەستێتەوە.

هەرچی (فرەواتا)شە بە هۆیەکی سەرەکی دروستبوونی دیاردەی تەمومژی لە زماندا دادەنرێت. بۆ نموونە: لە ڕستەیەکی وەك:

- ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە.

ئەم ڕستەیە بە چەند واتایەك دێت.

واتای یەکەم: ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە (واتە ژن نییە).


واتای دووەم: ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە (واتە یەك پیاو).

واتای سێیەم: ئەو ماڵە پیاوێکی تێدایە (سیفەتی مرۆڤێکی چاك).


محمد معروف دەڵێت: ((ئەم دوو جۆرە تەمومژییە واتاییە لە گرنگیدا وەك یەك نین.....ئەگەر فرەواتایی نەبێت، دەبێت بۆ هەموو واتایەك وشەیەك هەبێت لە زماندا...... نە فرەواتایی و نە هاوبێژی نابن بە هۆی تەمومژێکی [دروستبوونی تەمومژییەکی] تێکدەر لە زماندا چونکە چوارچێوەی قسە زۆر شت ڕوون دەکاتەوە)) (محمد معروف، ١٩٩٠: ١٧٠).

٢- هۆی فۆنۆلۆجی:-

تەمومژی بە هۆی فۆنۆلۆجییەوە زیاتر لە ڕێگەی هێز (Stress) و ئاوازە (Intonation)ەوە دەبێت. ئەم جۆرە تەمومژییە تەنها لە نووسیندا هەیەو لە دەربڕیندا تەمومژییەکە دەڕەوێتەوە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٨٦). بۆ نموونە:




ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا واتای (ئەو برای ئەو) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم ئەوا واتای (برایەتی) دەگەیەنێت.




ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا واتای (درشت نییە) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم ئەوا واتای (پارەی وردە) دەگەیەنێت. هەروەها جیاوازی لە ئاوازەی ڕستەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی. بۆ نموونە:

هەر چواریان هاتن.

١- هەموو چوار بوون و هەموویان هاتن.                    ٢- زیاتر بوون لە چوار و تەنها چواریان هاتن.

بوونی دیاردەی تەمومژی لە ڕستەی (هەر چواریان هاتن) بەهۆی وشەی (هەر)ەوەیە، کە توانستی گەیاندنی دوو واتای هەیە، کە ئەویش بەهۆی ئاوازەوەیە، چونکە ئەگەر وزەی زیادە بکەوێتە سەر وشەی (هەر) ئەوا وشەی (هەر) واتای (هەموو) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر وزەی زیادە بکەوێتە سەر وشەی (چوار) ئەوا وشەی (هەر) واتای (تەنها) دەگەیەنێت (وریا عمر، ٢٠٠٩: ٢٩٦).

٣- هۆی ڕێزمانی:-

سەبارەت بە ڕستەی تەمومژی ڕێزمانی لاینز دەڵێت: ((ڕستەی تەمومژی ڕێزمانی ئەوەیە کە هەر ڕستەیەك ئاماژەی بۆ بکرێت (بە پێی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی زمانەکە) بەوەی کە زیاتر لە شیکردنەوەیەکی ڕۆنانی هەبێت لە ئاستەکانی شیکردنەوەی ڕێزماندا)) (Lyons, ١٩٧٧: ٤٠٠). واتە دەکرێ بڵێین هۆی تەمومژی ڕێزمانی دەگەڕێتەوە بۆ ((هەبوونی دوو پەیوەندی جیاواز لە نێوان بەشەکانی ڕستە لە بنجدا (Deep Structure) و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە سیمادا (Surface Structure) (وریا عمر، ١٩٩٥: ٦٨). هەروەها لاینز سێ خاڵی دەستنیشانکردووە، کە دەبێت لە تەمومژی ڕێزمانیدا ڕەچاو بکرێن:

أ- ((مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی تەمومژی ڕێزمانی بە ڕێگەیەك زیاتر لێکبدرێتەوە. پێویستە لەو خاڵەدا ئەوە لە بەر چاو بگیرێت کە تەمومژی ڕێزمانیش وەك تەمومژی فەرهەنگی وایە)).

- بە خوشکە بچوکەکەم دەزانم.

ڕستەیەکی تەمومژی فەرهەنگییە، بە هۆی فرەواتایی وشەی (بچوك)، کە لەواتایەك زیاتر دەگەیەنێت. بەم شێوەیە:

بچوك

١- بە تەمەن.          ٢- بە پلە و پایە (پیشە).          ٣- بە قەبارە.

ب- ((ئەوەیە کە لەبارەی تەمومژی ڕێزمانییەوە خستمانە ڕوو، وا دەکات کە پشت بە هەندێ ڕێبازی ڕێزمانی تایبەت بە سیستەمی زمانەکە ببەستین، لەوانەیە هەندێك ڕستە هەبێت، لە لایەنێکی شیکردنەوەی سیستەمی زمانەکەدا تەمومژی ڕێزمانی بێت، بەڵام نابێت وەسف بکرێت، بە ئاماژەکردن بۆ شیکردنەوەی جیاوازی هەمان سیستەم لە زمانەکەدا)).

ج- ((ئەوەیە کە لە پێناسەی تەمومژی ڕێزمانیدا، شتێکی وا نییە دوورمان بخاتەوە لەوەی، کە لەوانەیە ڕستەکە هەردوو تەمومژی (ڕێزمانی و فەرهەنگی) تێدا بێت)) (Lyons, ١٩٧٧: ٤٠٠).

هەندێك جار ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ڕستەکانی زمان هەردوو تەمومژی (ڕێزمانی و فەرهەنگی) تێدا بێت. بۆ نموونە:

- ئامانج برای گەورەیە.

ڕستەیەکی تەمومژی (ڕێزمانی و فەرهەنگی)یە، هۆی تەمومژی فەرهەنگی ڕستەکە دەگەڕێتەوە بۆ فرەواتایی وشەی (گەورە)، کە سێ واتای جیاواز دەگەیەنێت. بەم شێوەیە:

ئامانج گەورەیە.

١- بە تەمەن. ٢- بە پلە و پایە. ٣- بە قەبارە.

کاتێك کە وشەی (برای) بۆ ڕستەی (ئامانج گەورەیە) زیاد دەکرێت، ئەوا ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانیشەوە تەمومژاوی دەبێت و دوو لێکدانەوەی واتایی دەبێت.

ئامانج برای گەورەیە.

١- ئامانج لە هەموو براکانی خۆی گەورەترە. ٢- ئامانج برایەکی هەیە کە گەورەیە.

٤– له كاتی بەكارهێنانی هەندێ جێناودا تەمومژی دروست دەبێت، بۆ نموونە:

– شیلان بە ئێمەی گوت، كە ئەو دێت.


لێرەدا جێناوی (ئەو) تەمومژییەك دروست دەكات و تەواو نازانرێت كە (ئەو) ئاماژەیە بۆ شیلان یان بۆ كەسێكی تر.

هەروەها جێناوی ئاماژەی (ئەم) لە هەندێ دەوروبەر (سیاق)ی قسەدا تەمومژی دروست دەكات. (ئەم) لە كوردیدا لەگەڵ ناوی (تاك و كۆ) بەكاردێت.

هەرچەندە (ئەم) ئاماژە بۆ نزیكی دەكات، بەڵام لە هەندێ دەوروبەر (سیاق)ی قسەدا تەواو شتە ئاماژە بۆ كراوەكە ڕوون ناكاتەوە. بۆ نموونە: ئەگەر لەسەر مێزێك كۆمەڵێك قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ هەبن یەكێك بڵێت: ئەم قەڵەمەم بۆ بێنە. كەسی پرسیارلێكراو لەوانەیە بڵێ كامەیان، سورەكە یان ڕەشەكە؟ گەورەكە یان بچوكەكە؟ ئەمانەش هەمووی تەمومژی واتایی دەگەیەنن (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠٠٩: ٢٢٩).

٥– دروستبوونی تەمومژی بەهۆی هەندێك پێشبەندەوە:

كاتێك ئەو كەرەستە زمانیانەی كە دەكەوێتە دوای پێشبەندی (بۆ) بریتی دەبێت لە جێناوی كەسی دووەمی كۆ و بە جێناوی كەسی لكاو جێگیر دەكرێت، ئەوا لەگەڵ پێشبەندەكاندا تەمومژی دروست دەكەن (عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٨). وەك:



هەروەها پێشبەندی (تا) لە هەندێك دەربڕیندا لەگەڵ کەرەستە زمانییەکەی دوای خۆیدا تەمومژی دروست دەکات. بەم شێوەیە:

تاویَ وەرە.

تا ئەویَ وەرە. تاویَ وەرە.

ئامرازی نیشانە (تا ئەو شوێنە وەرە). ڕادە (کەمێك وەرە).

ئەم دوو کەرەستە زمانییە واتە (تا) لەگەڵ ئامرازی نیشانەی (ئەویَ) کاتێك لەگەڵ یەکتر دێن تەمومژی دروست دەبێت، هۆکاری دروستبوونی تەمومژییەکەش بریتییە لە دەنگی کۆتایی (تا) لەگەڵ دەنگی سەرەتای (ئەویَ) لەو کاتەدا کە ئەو دوو کەرەستەیە پێکەوە هاتن فرێزێك پێك دێت و بەشی یەکەمی ئامرازی نیشانەی (ئەویَ) واتە (ئە) تێدەچێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی بەهۆی پێشبەندەوە وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە (عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٩).

## ١- ١- ٣. جیاوازی نێوان تەمومژی و نادیاری:-

لە لێکۆڵینەوە سیمانتیکییەکاندا، هەندێك جار جیاوازی دەکرێت لە نێوان تەمومژی (Ambiguity) و نادیاری (Vagueness)دا. ڕستەی تەمومژاوی بەوە وەسف دەکرێت، کە زیاتر لە واتایەکی جیاوازی هەیە، لەلایەکی ترەوە، ڕستەی نادیاری (Avague Sentence) بواری ئەوە دەدات، کە زنجیرەیەك ئەگەری لێکدانەوەی بێ سنوری هەبێت (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٣١). بۆنموونە ئەگەر وردبینەوە لە ڕستەیەکی وەکو:

- کاروان کتێبەکەی بە ئازاد نەدا.

دەکریَ بۆ ئەم ڕستەیە چەندین پرسیار کە وەڵامەکانیان نادیارە، وەڵامیان بۆ نەدۆزینەوە، وەك:

١- ئەی چی پێدا؟

٢- بۆچی کتێبەکەی پیَ نەدا؟

٢- ئەی کتێبەکەی بەکیَ دا؟

٤- ئەی کتێبەکەی چی لێکرد؟

٥- کەی کتێبەکەی پێنەدا؟

**- هەولێر کۆنترین شارە.**

**ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین نادیاری تێدەکەوێت، چونکە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت. بەم شێوەیە:**
**کۆنترین لەچاو هەموو جیهان، یان تەنها لە مێژووی هەموو ڕۆژهەلاّت، یان لەچاو هەموو شارەکانی عێراق، یان تەنها لەچاو شارەکانی باشوری کوردستان؟**
**لەوانەیە ئەم ڕاستیە (هەولێر کۆنترین شارە) لە سەردەمێکدا وا بووبێت، بەلاّم ئێستا وا نەبێت، بەم پێیە چەندین ئەگەری جیا جیا سەر هەڵدەدات، کە ئەمانەش هەمووی بابەتی نادیاری دەگرێتەوە.**

**- شازاد لە ماڵ نەبوو.**

**ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیەش بکەین، دەبینین ڕستەیەکە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و نادیاری تێدایە. بەم شێوەیە:**

**١- ئەی لە ماڵ نەبوو لەکوێ بوو؟**
**٢- ئەی کێ لە ماڵ بوو؟**
**٣- کەی لە ماڵ نەبوو؟**
**٤- بۆچی لە ماڵ نەبوو؟**

**لەبەر ئەوە ڕستەی نادیاری دەکرێت چەندین لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەروەها هەموو ئەو ئەگەرانە بەخۆیەوە بگرێت، کە دەشێت لە ڕستەکەدا وەکو پرسیارکردن سەرهەڵبدات.**
**هەرچی تەمومژییە وەکو ئاماژەی بۆکرا دیاردەیەکی زمانییەو پەیدابوون و سەرهەڵدانی لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك یەکەو کەرەستەی زمانیی و ڕێزمانیی، کە زیاتر پەیوەندی بە کەرەستەی فەرهەنگییەوە هەیە، یان پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکان دروستی دەکەن.**

**١-٢. هاوبێژی:-**

**١-٢-١. چەمك و پێناسەی هاوبێژی:-** Homonymy

**یەکێك لە پەیوەندییە دیارەکانی ناوەوەی زمان پەیوەندی (هاوبێژی)یە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٦٧). توانای دەربڕینی هەر وشەیەك بە چەند واتایەك تایبەتییەکە لە تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤ و دەتوانرێت واتای ئەو وشانە لە ڕێگەی فەرهەنگەوە بدۆزرێتەوە (پەروین عوسمان ، ٢٠٠٩: ١٢٥).**

**دیاردەی هاوبێژی لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا لێی کۆڵراوەتەوەو زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە بێبەش نییە لە دیاردەی هاوبێژی. سەبارەت بە دیاردەی هاوبێژی بۆچوونی چەند زمانەوانێك دەخەینە ڕوو. بەم شێوەیە:**

**١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف سەبارەت بە دیاردەی هاوبێژی دەڵێت: ((هاوبێژی ئەو وشانەن، کە بە خوێندنەوەو نووسین وەك یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ١٥). وەك:**

**ئازار**

**١- ئازار: ئێش و ژان.** **٢- ئازار: مانگی ئازار.**

**٢- بالمەر سەبارەت بە دیاردەی هاوبێژی دەڵێت: ((هاوبێژی بریتییە لە چەند واتایەك یەك فۆرمیان هەبێت)). (بالمەر، ١٩٨٥: ١٧)**

**٣- فتاح مامە سەبارەت بە دیاردەی هاوبێژی دەڵێت: ((کۆمەڵێ یان جوتێ دانەی مۆرفۆلۆجین، یان سینتاکسین، لە ڕووی فۆنەتیکەوە لە دەربڕینا یەکن، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکەوە یان سینتاکسەوە، لە ئەرك و واتا و ڕۆنان و ڕەگەزدا جیان)). (فتاح مامە، ١٩٨٩: ٤)**

**٤- محمد معروف دەڵێت: ((هاوبێژی بە هیچ جۆرێك پێویست نییە هەبێت لە زماندا و تەنها بۆ یاریکردن بە وشە دەست دەدات)) (محمد معروف، ١٩٩٠: ١٧١).**

**٥- کریستاڵ سەبارەت بە دیاردەی هاوبێژی دەڵێت: (( زاراوەیەکی واتاسازییە لە شیکردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگیانە دەکات، کە لە فۆڕمدا یەکن لە واتادا جیاوازن)).(Crystal, ٢٠٠٣: ٢٢٠)**

**٦- محەمەدی مەحویی دەڵێت: ((هاوبێژی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە واتاکانیان لە یەك دوورن و لە وشە فرەواتاکان دروستبوون)). (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٩:ب١: ١٠٨) بۆ نموونە:**

**بار**

**١- بار: باری وڵاخ.** **٢- بار: دیوی شتێك.**

زۆربەی زمانەوانەکان پێیان وایە، کە دیاردەی هاوبێژی لە زماندا بە شێوەیەکی فراوان دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆی لێکچوونی دەنگەکان و ڕێژەی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو (ئێستاو داهاتوو)، هەروەها لە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت (ناو، کردار، ئامراز). بەشەکانی ئاخاوتنیش لە هەر یەك لەو یەکانەی وەك (مۆرفیم، وشە، فرێز، ڕستە) کە تێیدا دەردەکەون، دەور دەبینن. هەروەها ئەم دیاردە واتاییە بە ڕێککەوتنی دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر لەگەڵ چەند ڕێژەیەکدا ڕێك دەکەون. بەڵام زۆربەی وشەکانی زمان لە ڕێژەیەك زیاتر دەنوێنن، هەر ڕێژەیەکیش پەیوەندی بەخودی وشەکەوە هەیە (طالب حسین، ١٩٩٨: ٥٥). لەبەر ئەوە ((پێویستە جیاوازی نێوان وشەکە خۆی و هەروەها نێوان ڕێژەکەی و واتاکەی بکەین)) (جون لاینز، ١٩٨٧: ١٩). کەواتە هاوبێژی جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندی نێوان وشەکانی زمان و بریتییە لەیەك گرتنەوەی دوو وشە یان دوو ڕستە یان زیاتر لە فۆڕمدا و جیاواز بوونیان لە واتا و ڕەچەڵەك (اصل)دا. وەك:

گڕ

گڕ: بڵێسەی ئاگر. | گڕ: جۆدان لە یاری (چاوشارکێ)دا.

## ١-٢-٢. هۆیەکانی پەیدابوونی هاوبێژی:-

١- سەرچاوەیەکی گرنگی پەیدابوونی دیاردەی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا، بوونی زار و شێوەزاری جیاوازە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٦٩). زۆرجار وشەیەك لە زارێکدا واتایەك دەگەیەنێت و هەمان وشە لە زارێکی تردا واتایەکی تر دەگەیەنێت. یان هەر وشەیەك لە یەك شێوەزاردا دوو واتا دەگەیەنێت، بەڵام لە شێوەزارەکاندا نموونە هاوبێژەکان زۆرترە وەك لە شێوەزارێك. بۆ نموونە:

لە نێوان یەك شێوەزاردا. وەك:

خار

خار: خاڵی ڕوخسار (شێوەزاری هەولێر). | خار: برای دایك (شێوەزاری هەولێر).

لە نێوان دوو زاردا. وەك:

چوو

چوو: ڕۆیشت (کرمانجی ناوەڕاست).

چوو: خەنجەر (زاری لوڕ) (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٧٠).

کەپوو

کەپوو: لووت (شێوەزاری هەولێر).

کەپوو: سەر (زاری لوڕ).

لە نێوان زیاتر لە دوو زاردا.وەك:

تەم

تەم: هەڵم (کرمانجی ناوەڕاست).

تەم: تۆم (کرمانجی ژووروو).

تەم: جووت (زاری لوڕ).

٢- هەندێ جار لە ئەنجامی گۆڕانی فۆنەتیکی، چ لە زارێکدا، یان لە نێوان زارەکاندا، دیاردەی هاوبێژی لە زماندا پەیدا دەبێت. وەك:

أ- سوانی دەنگ.

لە کاتی سوانی دەنگێك دیاردەی هاوبێژی لە زماندا دروست دەبێت (فتاح مامە، ١٩٨٩: ٣٠). وەك:

(ددان) پاش سوانی [د] دەبێتە (دان).

دان

دان: دانی مرۆڤ.

دان: دانەوێڵە.

دان: چاوگ (بە واتای بەخشین).

ب– گۆڕانی د ەنگێك بە دەنگێکی تر. وەك:

گۆڕانی [ڵ] بۆ [ر].

(ماڵ) پاش گۆڕانی [ڵ] بۆ [ر] دەبێتە (مار)

مار

مار: ماڵ و خانوو (شێوە زاری هەولێر)

مار: خشۆکێکی ژەهرداره (زۆربەی زارەکان).

٣– بە ڕێکەوت.

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەك لە وشە هاوبێژەکان بە ڕێکەوت دروست دەبن، ئەم وشە هاوبێژانە لە نێوان شێوەزارەکاندا دەبینرێن، چونکە وشەیەك کە لە شێوەزارێك واتایەکی هەیە بە ڕێکەوت لە شێوەزارێکی تر واتایەکی تری دەبێت، هەروەها دیاردەی هاوبێژی لە شێوەزارێکدا دەبینرێت بەڵام بە ڕادەی کەمتر (فتاح مامە، ١٩٨٩: ٣١). وەك:

قوم

قوم: پێچی ڕێگا (زاری لوڕ)

قوم: مەنجەڵی گەورە (کرمانجی ژووروو)

قوم: زیخ و لم (بە شێوەزارەکانی تر) (فتاح مامە، ١٩٨٩: ٣١).

باهو

باهو: شان و قۆڵ

باهو: ئاسۆ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ١٩).

٤– هەندێك حاڵەتی ڕێزمانی دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی هاوبێژی لە زماندا. وەك:

أ- مۆرفیمی (ێ)، کە بۆ ئەم حاڵەتانە بەکاردێت:

١- ئامرازی بانگکردن. وەك:

(خوشکێ، نەنکێ).

٢- ئەلۆمۆرفی نیشانەی نەناسیاوی. وەك:

(کوڕێ، پیاوێ).

٣- ئامڕازی خستنەپاڵ. وەك:

(داکێ کوڕان، داکێ کیژان).

٤- وەك پاشبەندێ لە جێی (لە - دا). وەك:

ڕۆژێ دەچینە ماڵی باوکت.

٥- ئەلۆمۆرفیی جێناوی لکاوی (ێت). وەك:

دەفرۆشێ، دەکێڵێ (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٢٤).

ب- دوو وشە هەندێ جار بەهۆی هەندێ حاڵەتی ڕێزمانییەوە یەك فۆرم وەردەگرن. وەك:

تاڵە

تاڵە (١): تاڵ (ئاوەڵناو).

تاڵە (٢): گیانداری ڕەشی دێز.

٥- وشەی بێگانە: هەندێك هۆکار هەیە، کە دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی وشە و زاراوە لە نێوان زمانەکاندا. وەك: هۆکاری (سیاسی، ئابووری، ئاینی..... هتد)، هەندێك جار وشەیەك کە دەچێتە ناو زمانێکەوە هەمان ئەو وشەیە لەوانەیە لەو زمانەدا هەبێت، بەڵام بە واتایەکی تر، کە لەگەڵ وشە ڕەسەنەکەی ئەو زمانەدا دەبن بە هاوبێژ. وەك:

کەوەر

کەوەر (١): بەشێکی ئۆتۆمبێلە (ڕۆژئاواییە).

کەوەر (٢): ناوی گیایەکە دەخورێ (کوردییە).

کفر

کفر (١): تاوانی گەورە (عەرەبییە).

کفر (٢): ناوی ڕووەکێکە (کوردییە).

**١-٢-٣. جۆرەکانی هاوبێژی:-**

**هاوبێژی سێ جۆری سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:-**

**١-٢-٣-١. هاودەنگ:-**

ئەو وشانەن کە لە دەبڕیندا لێکدەچن، بەڵام لە نووسیندا جیاوازن. نموونەی ئەو جۆرە وشانە لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا نووسین بەتەواوەتی وێنەی دەربڕینەکانە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٦٨). ئەم جۆرە هاوبێژییە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە. وەك:

أ- Write (دەنووسێت).

Right (ڕاست).

Rite (ڕێ و ڕەسمی ئاینی).

ب- See (بینین).

Sea (ڕووبار).

**١-٢-٣-٢. هاوپیت:-**

بەو وشانە دەگوترێت کە لە نووسیندا یەکن، بەڵام لە دەربڕیندا جیاوازن. نموونەی ئەم جۆرە هاوبێژییە لە زمانی کوردیدا زۆرە. وەك:

هەمانە

هەمانە: ئێمە هەمانە (شتێك).

هەمانە: کیسەیەك کە لە پێست دروست کرابێت.

لەم جۆرە هاوبێژییەدا هێز (Stress) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دەستنیشانکردنی واتای وشەکاندا. واتە بە بەکارهێنان و دیاریکردنی شوێنی هێز لە وشە و ڕستەکاندا واتاکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. وەك:

ماوە

ماوە: (هێشتا نەمردووە).

ماوە: کات (وەخت).

ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، ئەوا واتای (هێشتا نەمردووە) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم، ئەوا واتای کات (وەخت) دەگەیەنێت.

نەمام

نەمام: (درەختی پێنەگەیشتوو).

نەمام: من نەمام (فەوتام).

ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، ئەوا واتای (درەختی پێنەگەیشتوو) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم، ئەوا واتای من نەمام (فەوتام) دەگەیەنێت.

## ١-٢-٣-٣. هاوبێژی تەواو:-

لەم جۆرە هاوبێژییەدا وشەکان لە دەربڕین و نووسیندا وەك یەك دەبن. واتە هاوبێژی تەواو وشەیەکە چەند واتایەك دەگەیەنێت، بەڵام واتاکان لەیەك دوورن (محمد معروف، ١٩٩٠: ١٧٠). نموونەی ئەو جۆرە هاوبێژییە لە زمانی کوردیدا زۆرە. وەك:

ئاش

ئاش: جێی هاڕینی دانەوێڵە.　　　ئاش: چێشت.

دەم

دەم: دەمی گیانلەبەر.　　　دەم: کات.

فەتاح مامە باوەڕی وایە، کە لە کوردیدا هابێژی تەنها لەوشەدا نابێت، بەڵکو فرێز و ڕستەش دەگرێتەوە (فتاح مامە، ١٩٨٩: ٥). بۆ نموونە:

لەبەرماران

لەبەرماران: لەپێش ماڵان.　　　لەبەرماران: بەهۆی ماری خشۆکەوە.

(هاوبێژی فرێزی)

که پێم لێنا.

که پێم لێنا: که دانم پیانا. که پێم لێنا: که بەسەری کەوتم. که پێم لینا: که بە ئەوم دروست کرد.

(هاوبێژی پارستەیی)

لێم خوڕییەوە

لێم خوڕییەوە: دووبارە هاژۆتمەوە. لێم خوڕییەوە: دووبارە خۆم لەو توڕەکرد.

(هاوبێژی ڕستەیی)

ڕێژەی هاوبێژی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت بە تایبەتی لەو زمانانەدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت کە وشەی یەك بڕگەییان زۆرە، وەك زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی، ئەو زمانانەی وشەی لێکدراوی زۆر بێت ئەوا وشەی هاوبێژی کەمە (عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٠: ١٠٦).

## ١-٣. فرەواتایی - Polysemy

### ١-٣-١. چەمك و پێناسەی فرەواتایی:-


فرەواتایی یەکەیەکی فەرهەنگییە، وەك بابەتێکی واتاسازی لێی کۆڵراوەتەوە ((وشەی (polysemy) وشەیەکی یۆنانییە (poly) بەواتای (فرە) یان (زۆر) دێت و (seme) چەمکی واتا دەگەیەنێت، هەردووکیان دەبن بە (فرەواتا)....)) (پەروین عوسمان ، ٢٠٠٩: ١٣٨).

بەهای دیاری فرەواتایی لەوەدایە، کە زمان بەهێز و بە توانست دەکات ((یەکێ لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ ئەوەیە، کە وشەی وای تێدایە توانستی گەیاندنی چەند واتایەکی هەیە)) (اولمان، ، ١٩٩٧: ١٣٤).

((بوونی فرەواتایی لە زماندا گرنگە، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و کەمکردنەوەی وشەو زمانەکە لە ئاڵۆزی دوور دەخاتەوە، ئەرکی دانانی فەرهەنگ و کاری فەرهەنگنووسی و فێربوونی ئەو زمانەش ئاسان دەکات)) (ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ١٩٣). کەواتە فرەواتایی وشەیەکە بە چەند واتایەك دێت، یان ((هاتنی یەکەیەکی فەرهەنگی بە چەند واتایەکی جیاواز)) (Crystal, ١٩٩٢: ٣٠٧) پێی دەوترێت فرەواتایی.

دیاردەی فرەواتایی ڕێبازێکی دیکەمان لە دانان و سازکردنی زاراوەی نوێباوی کوردی بۆ دیاری دەکات، بەو هۆیەوە دەتوانین واتایەکی دیکە، بە هەندێك وشەی فەرهەنگی بسپێرین و مەبەستێکی نوێ بخەینە سەر مەبەستەکەی پێشوومان و بیان کەین بە زاراوە (ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ١٩٣).

بالمەر پێی وایە کە دیاردەی فرەواتایی ئەوەیە کە ((یەك وشە کۆمەڵێ واتای جیاواز بگەیەنێت)) (بالمەر، ١٩٨٥: ١١٦). لە دیاردەی فرەواتاییدا پێویستە وشە فرەواتاکان پەیوەندی بەرامبەری لە نێوان واتاکانیاندا هەبێت (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٧٣). وەك:




ئەگەر سەیری واتاکانی ئەم وشەیە بکەین دەبینین بەرامبەری و هاوتاییەك لە نێوانیاندا هەیە، چونکە هەردوو واتاکە واتای (کاول بوون) دەگەیەنن، کە ئەمە بەرامبەرییە لە فرەواتاییدا.

پێناسەیەکی تر بۆدیاردەی فرەواتایی کە لە پێناسەکانی تر لەبارو گونجاو ترە ئەوەیە کە فرەواتایی بریتییە لەو وشە و فرێز و ڕستانەی، لە واتایەك زیاتر دەبەخشن و چەند هۆیەك کۆیان دەکاتەوە: پەیوەندی، نەژاد، مەبەست. بۆ نموونە:

زمان

ئەندامێکی لەشە. زمان (لغة).

بەرپێی خۆی نابینێت.

کەسێك چاوی باش نەبینێت. کەسێکی نەشارەزا و نەزان. کەسێکی لەخۆ بایی بوو.

دیارە واتاکانی ئەم ئیدیۆمە بەرامبەری و هاوتاییەك لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەویش نەبینینی ڕاستی ژیان و تووشبوون و زەرەرمەند بوونە.

## ١-٣-٢. هۆیەکانی پەیدابوونی فرەواتایی:-

فراوانبوونی واتای وشەو توانستی گەیاندنی زیاتر لە واتایەك دیاردەیەکی سروشتییە لە زماندا، ئەو توانستەی وشە لە بەدەستهێنانی واتای نوێدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نەبووە. بەڵکو چەند هۆکارێکی سەرەکی دەبنە بنەما و پاڵپشتی وشە لە بەدەستهێنانی واتای نوێدا. کە بریتین لە:

١- خواستنی واتا: یەکێك لە ڕێگا باو و دیارەکانی پەیدابوونی دیاردەی فرەواتایی خواستنی واتایە، چونکە لە ڕێی خواستنەوە وشە واتای نوێ بەدەست دێنێت. پەیداکردنی واتای نوێ لە ڕێی خواستنەوە لەسەر بنەمای هەبوونی پەیوەندی لە نێوان واتای هۆشەکی وشەکە و واتا خواستراوەکەدا دەبێت. واتە پێویستە لە نێوان واتای بنچینەیی وشەو واتا خواستراوەکەدا پەیوەندییەك هەبێت. وەك:

جۆش سەندن

هاتنە کوڵی شتی شل لەسەر ئاگر.    گەرم بوونی جیهان لە هاویندا.    گەرم بوونی یەکێك لە کارەکەیدا.

دیارە گەرم بوونی جیهان لە هاویندا واتای بنچینەیی ئەو وشەیەیە، بەڵام دواتر لە ئەنجامی گەشە و پەرەسەندنی زمان، ئەو واتایە خواستراوە بۆ گوزارشت کردن لە هەندێ حاڵەت، کە لە شێوەی گەرم بوون و تاوسەندنی جیهانە. بۆ نموونە: کولاَنی شتی شل. وەك: (شیر، ئاو، چا). دواتر ئەو وشەیە دراوەتە پاڵ کەسێك کە لە کارەکەیدا زۆر دڵسۆز و ماند و سەرگەرم بێت. ئەگەر لەواتا بنچینەیی و واتا خواستراوەکانی ئەو وشەیە وردبینەوە دەبینین پەیوەندی گەرم بوون ئەو وشانە کۆدەکاتەوە، بۆیە ئەو واتایانە دەبن بە چەند واتایەك بۆ یەك فۆرم، کە ئەمە مەرجی فرەواتاییە.

٢- گۆڕانی واتای وشە پەپێی دەوروبەر (سیاق) و شوێنی جیاواز زۆرجار دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی واتای نوێ بۆ وشەکە (اولمان، ١٩٩٧: ١٣٦). دیارە لەم حاڵەتەدا وشە واتای نوێ پەیدادەکات، بەلاَم پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە دەوروبەر (سیاق)ی بەکارهێنان و شوێنی بەکارهێنانی وشەکان ڕۆڵێکی زۆر دەبینن لە دەستنیشانکردنی واتا بەدەست هاتووەکاندا. بۆ نموونە:

أ- واتای وشە بە پێی دەوروبەر (سیاق):

لەبەرکردن

پۆشاك لەبەرکردن.    هۆنراوە لەبەرکردن.

ب- شوێنی وشە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە دیاریکردنی واتای وشەدا. بۆ نموونە:

چاو

ئەندامی بینین.    جاسووس    سەرچاوەی ئاوی کانی و بیر.

دیارە ئەو واتایانەی وشەی چاو پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە دەبن بە فرەواتا. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕوونبوونەوەی وشەی (چاو)ە بە پێی شوێن. بۆ نموونە: ئەگەر لە نەخۆشخانەدا باسی (چاو) بکرێت دیارە مەبەست لە چاوی مرۆڤە، بەڵام ئەگەر لە هاوینە هەوارێکی کوردستاندا باسی (چاو) بکرێت دیارە مەبەست لە چاوی کانی و ئاوە. کەواتە شوێن ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەی فرەواتادا.

## ١-٣- ٣. جیاوازی نێوان هاوبێژی و فرەواتـایی:-

جیاکردنەوەی هەردوو دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی کارێکی ئاسان نییە ((کێشەی جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی.... جێی بایەخ و گرنگی پێدانی زمانەوانان بووە)) (علي زوين، ١٩٨٦: ١٦٨).

فەرهەنگ (Lexicon) و وشەنامە (Dictionary) سەردەمیەکان بایەخ بە جیاوازی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی دەدەن و لە یەکیان جیا دەکەنەوە (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٩: ب٢: ٥١).

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەدا چەند ڕێگەیەك دەستنیشانکراوە، بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە لە یەکتری. وەك:

١- ڕێگەی ئیتیمۆلۆجی: ئەم ڕێگەیە بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی دیاردەکانی هاوبێژی و فرەواتایی لە یەکتری، بەلای هەندێك لە زمانەوانان ئەم ڕێگەیە پێوانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە لەیەکتری (جون لاینز، ١٩٨٠: ٥٢).

ڕێگەی ئیتیمۆلۆجی بریتییە لە گەڕان بە دوای بنج و بنەوانی وشەکان، کە ئایا ئەو وشانە لە ڕەچەڵەك (اصل)دا یەك دەگرنەوە یان نا. ئەگەر وشەکان خاوەنی یەك ڕەچەڵەك بوون ئەوا دەبن بە فرەواتا، بەڵام ئەگەر ڕەچەڵەکی وشەکان جیا بوو ئەوا دەبن بە هاوبێژ.

هەرچەندە لە ڕووی تیۆرییەوە وا دیارە، کە ڕێگەی ئیتیمۆلۆجی زۆر لەبار و گونجاوە بۆ جیاکردنەوەی دیاردەکانی هاوبێژی و فرەواتایی، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە دەردەکەوێت، کە ئەو ڕێگەیە ئاسان نییە و ئاستەنگی زۆری لە پێشە. بۆ نموونە:

أ- مەرج نییە کە دوو وشە بە پێی لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆجی دەردەکەوێت، کە یەك ڕەچەڵەکیان هەیە، ئیتر ئەو دوو وشەیە فرەواتا بن، واتە دەکرێ دوو وشە لە ڕەچەڵەکدا یەك بن و وەك فرەواتا سەیر کرا بن، بەڵام ئەو وشانە ئەگەر لە زمانی هاوچەرخدا هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نەمابێت و تەنها لە فۆرمدا لێك بچن ئەوا دەبن بە هاوبێژ. بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (pupil) کە بە واتای خوێندکار دێت وشەی (pupil) کە بەواتای (بینایی چاو) دێت. یەك ڕەچەڵەك (اصل) و بنچینەیان هەیە، بەو پێیە دەبێت

فرەواتا بن، بەڵام لە زمانی هاوچەرخی ئینگلیزیدا ئەو دوو وشەیە جیاوازن و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بۆیە وەك هاوبێژ سەیر دەکرێن (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٧٧).

ب- گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی هەموو وشەیەك لە ڕووی فۆڕمی بنەڕەتی و واتای بنەڕەتییەوە، کارێکی گرانە، زۆرجار هەندێك واتا لەوانەیە لەیەك سەرچاوەوە سەری هەڵدابێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە نێوان واتای بنجی و زنجیرەی واتا خوازراوەکان، ئەو کاتە وەك دوو واتای دوو سەرچاوەی جیاواز بە دیاردەکەوێت (صباح رشید، ٢٠٠٠: ١٤).

ج- ناتوانرێت بە تەواوی ڕەچەڵەك (أصل)ی هەموو وشەو واتایەك دەستنیشان بکرێت و ئینجا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامەدا بڕیاری (هاوبێژی و فرەواتایی) بوون بەسەر وشەکاندا بدرێت.

٢- پەیوەندی نێوان واتاکان: ئەم ڕێگەیە یەکێکە لە ڕێگە سەرەکیەکانی جیاکردنەوەی هەردوو دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی، واتە ئەگەر پەیوەندییەك لە نێوان واتاکاندا هەبێت، ئەوا وشەکان دەبن بە فرەواتا، بەڵام ئەگەر هیچ پەیوەندییەك لە نێوان واتاکاندا نەبێت، ئەوا ئەو وشانە هاوبێژن و تەنها لە فۆڕمدا هاوشێوەن. بۆ نموونە:

ڕۆژ

خۆر.　　　ڕۆژ (دژی شەو).


ئاشکرایە لە نێوان واتاکانی وشەی ڕۆژدا پەیوەندییەك هەیە، ئەویش (ڕووناکی)یە. هەروەها واتای یەکەم سەرچاوەی پەیدابوونی واتای دووەمە، کەواتە ئەو واتایانە دەبن بە دوو واتای جیاواز بۆ یەك وشە، بۆیە وشەی (ڕۆژ) بە وشەیەکی فرەواتا دادەنرێت.

باز


باڵندەیەکی گۆشت خۆرە.　　　خۆهەڵدان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

ئەگەر لەم وشەیە وردبینەوە دەبینین ئەو واتایانەی وشەی (باز) دەیگەیەنێت، هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیك کۆیان ناکاتەوە. کەواتە ئەوانە هەریەکە وشەیەکی سەربەخۆن و تەنها لە سیمادا لێکدەچن، بۆیە پێیان دەوترێ هاوبێژ.

**٣- تەمومژی کەرەستەکان:** هەردوو جۆری تەمومژی (فەرهەنگی و ڕێزمانی) هۆکارێکن بۆ جیاکردنەوەی دیاردەکانی (هاوبێژی  و فرەواتایی). چونکە هەموو یەکەیەکی تەمومژاوی زمان (وشە/ ڕستە) دوو ڕۆنانی ژێرەوە، یان زیاتر لە دوو ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە. ئینجا ئەگەر ئەو ڕۆنانانەی ژێرەوە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبوو ئەوا دەبن بە فرەواتا، بەڵام ئەگەر پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبوو ئەوا دەبن بە هاوبێژ. بۆ نموونە:




لەبەرئەوەی ئەو دوو ڕۆنانەی ژێرەوەی وشەی (خوێن) لە ڕەچەڵەك (اصل)دا هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نییە، کەواتە ئەو وشانە دەبن بە هاوبێژ.



ڕۆنانەکانی ژێرەوەی وشەی (نووستن) پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، کەواتە ئەو وشانە دەبن بە فرەواتا.

لەسەریاندا

سەریان پەڕاند.　　　　لەسەرکردەیان دا.

لەبەر ئەوەی پەیوەندی لە نێوان ڕۆنانەکانی ژێرەوەی ڕستەی (لەسەریاندا) هەیە، کەواتە دەبن بە فرەواتا.

٤- خوازە: ئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ جیاکردنەوەی دیاردەکانی هاوبێژی و فرەواتایی لە یەکتری، کە بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ گەیاندنی واتایەك، جگە لەواتا بنەڕەتیەکەی خۆی (محمد علي، ١٩٨٢: ١٦٨). زمان کۆمەڵە یاسایەکە پەیوەستە بە توانای قسەکەر بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی، لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا، بەڵام هەندێ جار شکاندنی بە شێك لەو یاسایانە (بۆ نموونە یاسای سیمانتیکی)، دەبێتە هۆی گەیاندنی بیرۆکەیەکی تایبەتی (Fromkin, ١٩٨٨: ٢٣٤). بۆ نموونە:

- دیوار بە گوێیە.

دەتوانرێ بەم جۆرە لێکبدرێتەوە:

لەوانەیە گوێت لێ بگیرێ، لەوکاتەی وا دەزانی کەس گوێی لێ نییە. ئەو خواستنەی کە لەو ڕستەیەی سەرەوەدا ئەنجام دراوە، هەندێ جار دەچێتە پاڵ هەندێ هونەری تری ئەدەبی. وەك: وشە بازی و ڕەگەزدۆزی و داپۆشین و بەکارهێنانی وشە لە هەندێ سیاقی نەگونجاو بۆ وروژاندنی خوێنەر، یان گوێگر لە چوارچێوەی ئەو مەبەستەی نووسەران لە شێوازی تایبەتیدا بەکاری دێنن (صباح رشيد، ٢٠٠٠: ١٦).

٥- ڕێگەی فەرهەنگنووسی: فەرهەنگنووس لە لێکدانەوەی واتای وشە (هاوبێژ و فرەواتاکان)دا دوو ڕێگە دەگرێتە بەر، کە بریتین لە:

أ- ئەگەر فەرهەنگنووس دوو وشەی بە هاوبێژ دانا، ئەوا دوو دەروازەیان دەداتێ. بەم شێوەیە:

١- کار - ئیش.

**٢- کار – بەچکەی بزن.**

**ب- ئەگەر وشەکە بەلای فەرهەنگنووسەوە فرەواتا بوو، ئەوا یەك دەروازەی دەداتێ. بەم شێوەیە:**

**خاو – نەکولاو، یان نەبرژاو. وەك:**

**شیری خاوی داوەتێ.**

**ئەو گوڵەبەرۆژە هێشتا خاوە.**

**- لوس و پەرش و خاو. وەك:**

**قژی خاوە.**

**- سستی و کەم هێزی. وەك:**

**لە ئیشکردندا زۆر خاوە.**

**لە کاتێکدا ڕێگەی فەرهەنگنووسی بۆ جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی بەکاردێت، بەڵام پشت بە ڕێگاکانی تر دەبەستێت، چونکە پێویستە فەرهەنگنووس بڕیارەکانی لەسەر ئەو وشانەی لە واتایەك زیاتر دەبەخشن لەسەر بنەمای بوون یان نەبوونی پەیوەندی بێت لە نێوان وشەکاندا (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٧٨).**

# بەشی دووەم

## جۆرەکانی تەمومژی

١- تەمومژی ڕێزمانی.
أ- تەمومژی ڕۆنانی.
ب- تەمومژی گوێزانەوە.
پ- تەمومژی داڕشتن.

٢- تەمومژی فەرهەنگی.
أ- تەمومژی فەرهەنگی کاتیگۆری.
ب- تەمومژی فەرهەنگی تەواو.

## بەشی دووەم

## ٢. جۆرەکانی تەمومژی.

### ٢- ١. تەمومژی ڕێزمانی: Gramatical Ambiguity

بە شێوەیەکی گشتی دیاردەی تەمومژی ئەو کاتە سەرهەڵدەدات، کە تاکە وشەیەك لە ڕستەیەکدا ژمارەیەك واتای دیاریکراوی ڕوون و ئاشکرا بە دەستبێنێت (Trask, ١٩٩٣: ١٣).

ئەم جۆرە تەمومژییە کاتێك پەیدا دەبێت، کە ڕستەیەك یان فرێزێك، زیاتر لە واتایەکی هەبێت، ئەم جۆرە تەمومژییەش دەکرێت بە سێ جۆرەوە :

### ٢- ١- ١. تەمومژی ڕۆنانی: Constructional Ambiguity

ئەم جۆرە تەمومژییە زیاتر لە فرێزدا دەردەکەوێت، واتە وشەکانی هاوبێژ و فرەواتا هیچ ڕۆڵێکیان لە پەیدابوونی ئەم جۆرە تەمومژییەدا نابێت، بەڵکو تەنها ڕۆنانی فرێزەکان لەم جۆرە تەمومژییەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بۆ نموونە :

– ئەم پیاوانە بکوژن .

ئەم ڕستەیە دوو ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە.

– ئەم پیاوانە (پیاو کوژن) .

– ئێوە ئەم پیاوانە بکوژن .

تەمومژی ڕستەی (ئەم پیاوانە بکوژن) بەهۆی فرێزی (بکوژن)ەوەیە، کە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٣٣).

بکوژن > ب + (کوژ) ڕەگی کردار + (ن) جێناوی لکاو = کرداری داخوازی.

بکوژن > ب + (کوژ) ڕەگی کردار + (ن) جێناوی لکاو = ناوی بکەر.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە زماندا سەرەڕای ڕۆنانی فرێزی، هێز (Stress)یش ڕۆڵ دەبینێت لە پەیدابوونی ئەم جۆرە تەمومژییەدا (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٨٣). وەك:

بکوژن (کرداری داخوازی) هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم.

بکوژن (ناوی بکەر) هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم.

صباح رشید دەڵێت: ((بکوژن جۆری ڕستەکە دەگۆڕێ لە (هەواڵدان)ەوە بۆ ڕستەی (فەرمان) ئەمەش بەهۆی گیرەکی (ب) کە دوو ئەرکی جیاواز دەبینێ، بەواتایەکی تر، وشەی (بکوژن) بەهۆی پێکهێنەرەکانیەوە، کە گیرەکن، دوو واتای جیاواز دەبەخشێت، ئەمەش بە پێی جیاوازی ئەو گیرەکانەیە

که به (کوژ – ڕەگی ڕانەبردووی کوشتن)ەوە نوساون، بێگومان بە پێی جۆری ڕۆنانەکە واتای ڕستەکە دەگۆڕێ)) (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٣٣).

– بکوژن

( ب– ) گیرەکی وشەداڕێژە – پێشگرە، ڕەگی کرداری تێپەڕی پێ دەکرێ بە ناوی بکەر (نوری علي ، ١٩٥٨: ٥٥).

(ن) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆیە بۆ (ئەمانە) دەگەڕێتەوە.

– بکوژن


( ب– ) نیشانەی کرداری داخوازییە.

(ن) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆیە بۆ (ئێوە) دەگەڕێتەوە.


ئەگەر بکوژن وەك کرداری داخوازی وەرگرین ئەوکاتە (ئەمانە) دەبێتە (بەرکار) بۆ کرداری داخوازی (بکوژن).

چەمکی تەمومژییەکە لەوەدایە، کە ڕستەکە بە پێی ڕۆنانەکەی واتا دەبەخشێت. ئەو دوو ڕۆنانە جیاوازەی، کە بەهۆی گیرەکەکانەوە دروست دەبن دوو واتای جیاواز دەبەخشن بە ڕستەکە، چونکە جیاوازی ڕۆنانەکە جۆری ڕستەکە دەگۆڕێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم دوو هێڵکارییەی خوارەوە:



**ڕستەی هەواڵدان**




**ڕستەی داخوازی**

– پێم خۆشە كە زۆر بڵێی .

لەم ڕستەیەدا فرێزە كارییەكە، كە (زۆر بڵێی)ە دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕۆنانی ڕستەكە لە جاری یەكەمدا ڕستەیەكی داخوازییە لە جاری دووەمیشدا ڕستەیەكی هەواڵگەیەنەرە لە ڕووی واتاوە. ئەركی گۆڕانی ئەم واتایە لە داخوازییەوە بۆ هەواڵگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ ئەركی گیرەكی (ب) كە دوو ئەركی جیاوازی هەیە بە پێی ئەو واتایانەی كە دەیگەیەنێت. بەم شێوەیە:

زۆر بڵێی > زۆر + ب + ڵێ + ی

ئاوەڵناو گیرەك ڕەگی كار جێناو


فرێزی كاری داخوازی.

زۆر بڵێی > زۆر + ب + ڵێ + ی


ئاوەڵكار گیرەك ڕەگی كار جێناو

فرێزی كاری هەواڵگەیەنەری (ناوی بكەر) (سازان رضا، ٢٠٠٥: ٤١).

بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر هەردوو ڕۆنانەكە بەم هێڵكارییە درەختییە دەخەینە ڕوو:




– پێم خۆشە کە زۆر بلێی. ڕستەی داخوازی




– پێم خۆشە کە زۆر بلێی. ڕستەی هەوالگەیەنەر.

## ٢–١–٢. ئەمومژی گوێزانەوە:- Transformational Ambiguity

ئەم جۆرە ئەمومژییە لە ڕستەدا لە ئەنجامی گوێزانەوەی دوو بنجی جیاوازدا پەیدا دەبێت. واتە سەرەتا دوو بنجی جیاواز هەبوون و ئینجا ئەو دوو بنجە یەك سیمایان وەرگرتووە (بالمەر، ١٩٨٥: ٣٩). وەك:


– خۆشەویستی دایك پیرۆزە.

دەکرێ بوترێ ئەم ڕستەیە لەم دوو ڕۆنانەوە گوێزراوەتەوە:

– خۆشەویستی دایك بۆ منداڵ، واتە دایك منداڵەکانی خۆشدەوێت.

– خۆشەویستی منداڵ بۆ دایك، واتە منداڵەکان دایکیان خۆشدەوێت.

ئاشکرایە پێش ئەوەی ئەو ڕۆنانەی سەرەوە پەیدا بووبێت، ئەو دوو ڕۆنانەی ژێرەوە هەبوون و دواتر لە ئەنجامی گوێزانەوەدا ئەو دوو ڕۆنانەی ژێرەوە یەك ڕۆنانی سەرەوە، واتە یەك سیمایان وەرگرتووە. بەم شێوەیە:





ڕۆنانی سەرەوە ڕۆنانەکانی ژێرەوە دەشارێتەوە، بۆیە هەردوو ڕۆنانەکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا یەکن، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بە تەواوی جیاوازن. ڕۆنانی ژێرەوە دەستنیشانی لێکدانەوە واتاییەکانی دەکات، لەبەرئەوە دەبێ ئاگادار بین لەوەی کە نەکەوینە هەڵەی تێبینی نەکردنی ئەو ڕاستیەی، کە لەوانەیە

لێکچوونی سەرەوە هەندێ جیاوازی ژێرەوە بشارێتەوە، کە سروشتێکی بنچینەییان هەیە (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٣٦).

لە قۆناغی گوێزانەوەدا هەردوو ڕۆنانە جیاوازەکەی ژێرەوە لە یەك فرێزدا کۆدەبنەوەو جووت دەبن، ئەمەش سیمای ڕاستەقینەی ئەم جۆرە تەمومژییەیە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

– خۆشەویستی مێرد پیرۆزە.




ڕستەیەك بە تەمومژ دادەنرێت ئەگەر دوو ڕۆنانی ژێرەوەی لەخۆ گرت (Lyons, ١٩٧٧: ٤٠٣).

وریا عمر دەڵێت: ((لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ یاسای گوێزانەوە .... یاسای جیا دوو ڕستەی جیا لە (بنج) دا دەکەن بە هاوسیما)). (وریا عمر، ٢٠٠٩: ٢٩٨) بەم شێوەیە:

– پێم دەشکێ.

ئەم دوو واتایەی هەیە:

– قاچم دەشکێ.
– من دەتوانم بیشکێنم.

بە پێی واتای یەکەم: لە زمانی کوردیدا دەکرێ جێناوی جودای (هەیی) بکرێت بە جێناوی (لکاو)، بەم جۆرە (پێی من) دەبێتە (پێم). کە (م) جێی (من) دەگرێ و دەوری (ی)ی بەستن نامێنێت و لا دەچێت. بەم پێیە ڕستەی (پێی من دەشکێ) دەبێتە (پێم دەشکێ).

بە پێی واتای دووەم: لە زمانی کوردیدا جێناوی جودای (بەرکار)ی دەشێت بە جێناوی (لکاو) جێگیر بکرێت. ئەگەر جێناوەکە دوای (بە) بێت، ئەوا (بە) دەبێتە (پێ) بەم پێیە (بە من) دەبێتە (پێم) و ڕستەی (بە من دەشکێ) دەبێتە (پێم دەشکێ)، کە لەگەڵ ڕستەکەی پێشوودا دەبێتە هاوسیما.

ڕستەی (نەچی لێت دەدەم) ئەم دوو واتا دژیەکەی هەیە:

– ئەگەر نەچی لێت دەدەم.

– ئەگەر بچی لێت دەدەم.

هۆی ئەم جۆرە تەمومژییە ئەوەیە کە ئەم ڕستەیە دوو بنجی هەیە. یان ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە ئەنجامی ئەو ڕستەیەیە کە (وەستان) لە نێوان (نەچی) لەگەڵ (لێت دەدەم) تەمومژی دەکات. لە ڕستەی یەکەم (وەستان) هەیە و لە ڕستەی دووەم (وەستان) نییە.

لەناو چوارچێوەی زمانێکدا ئەگەر یەک ڕستە لە واتایەک زیاتری بەخشی ئەوا ئەم ڕستەیە زیاتر لە بنجێکی هەیە. یاسای گوێزانەوەی جیا لە سیمادا وەک یەکیان لێدەکات.

ئەگەر چەند ڕستەیەکی جیاواز هەمان واتایان بەخشی ئەوا ئەم ڕستانە یەک بنجیان هەیە (وریا عمر، ٢٠٠٩: ٣٠٠). وەک:

– کاوە شیلانی کوشت.

– شیلان بە دەستی کاوە کوژراوە.

ئەم دوو ڕستەیە یەک بنجیان هەیە.

یان

– ئازاد مامی بەفرینە.

– بەفرین کچی برای ئازادە.

ئەم دوو ڕستەیەش یەک بنجیان هەیە.


– ئاوات باشترە بۆ تکا کردن.

پێش جووتبوونی ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکە دوو ڕۆنانی ژێرەوەی هەبووە، کە ئەمانەن:

– ئاوات باشترە بۆ ئەوەی تکا بکات.

– ئاوات لە کەسێکی تر باشترە بۆ ئەوەی تکای لێ بکەی.

لە قۆناغی گوێزانەوەدا هەردوو ڕۆنانە جیاوازەکەی ژێرەوە لەیەك واتادا کۆدەبنەوەو جووت دەبن، کە ئەمەش تەمومژی گوێزانەوە دەردەخات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم نەخشەیە دەخەینە ڕوو:




## ٢ - ١ - ٣. تەمومژی دارِشتن:- Derivational Ambiguity

ئەم جۆرە تەمومژییە ئەوەیە کە تێیدا کەرەستە پێکهێنەرەکانی یەك ڕستە لێکدانەوەی جیاوازی دەبێت (کورش صفوی، ١٣٨٤: ٣). وەك:

– ئازاد ئەو پیاوەی کە بەدوای دەکەوت بە پۆلیسی نیشاندا.

ڕستەکە ئەم ئەم دوو واتایەی هەیە.

– ئازاد ئەو پیاوەی کە بەدوای خۆی دەکەوت نیشانی پۆلیسی دا.

– ئازاد ئەو پیاوەی کەخۆی بەدوای دەکەوت نیشانی پۆلیسی دا.

یان لە ڕستەی :

– ئەو تۆی زیاتر لە من خۆشدەوێت.

ئەم ڕستەیەش دوو واتای هەیە: (کورش صفوی، ١٣٨٧: ٣)

– ئەو تۆی زیاتر لەوە خۆشدەوێت کە منی خۆشدەوێت.

– ئەو تۆی زیاتر لەوە خۆشدەوێت کە من تۆم خۆشدەوێت.

ئەم جۆرە تەمومژییە لە هەندیٚ لایەنەوە، لەگەڵ تەمومژی گوێزانەوە تێکەڵییەکی هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی چۆنیەتی شیکردنەوەو لێکدانەوەی تەمومژییەکە، بەڵام تایبەتێتی تەمومژییەکەو سیمای

جیاکەرەوەکەی، دەچێتە بواری بەکارهێنانی کەرەستەکان (وشە و گیرەکەکان) بۆ نموونە لە سیاقی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی جیاوازدا (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٣٧). بەواتایەکی تر کاتێك کە ئێمە دەڵێین ئەو ڕستانەی کە تەمومژاوین، مەبەستمان ئەوەیە، ئەو ڕستانە بە سەربەخۆیی زیاتر لەواتایەك دەبەخشن و لەواقیعی بەکارهێناندا دەردەکەوێت چ واتایەك مەبەستە (Thomas, ١٩٧٤: ١٣٢). لە ڕستەیەکی وەکو:

– مریشکەکە ئامادەیە بۆ خواردن.

ڕستەکە تەمومژاوییە و دوو واتای هەیە (Harford & James, ١٩٨٣: ١٢١).


– مریشکەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی بخورێت.

– مریشکەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی خواردن بخوات .


ڕستەی یەکەم ڕستەیەکی بکەرنادیارە، (مریشکەکە) دەبێتە بەرکاری ڕستەکە، ڕستەی دووەمیش ڕستەیەکی بکەردیارە، کە (مریشکەکە) دەبێتە بکەری ڕستەکە (طالب حسین، ١٩٩٨: ٨٣).

– برای ئەو پیاوانە کارەکەی کرد.

ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی تەمومژاوییە، وەك لەم هێڵکاریانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:



لەم ڕستەیەی پێشودا پاشگری (انە) ناوی (پیاو)ی کردووە بە ئاوەڵکردار (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٣٨).




هەریەك لەم دوو داڕشتنانەی کە بەهۆی گیرەکەکانەوە دروستبووە، دوو واتای جیاواز دەبەخشێت بە ڕستەی (بنج)، کە بەمەش ڕستەیەکی دوو واتاییمان بۆ دروست دەبێت، بەڵام (پیاوانە) جۆری ڕستەکەی نەگۆڕیوە، بەڵکو (پیاوانە) جارێك لە بەشی گوزارەیە و جارێکی تر لە بەشی نیهادە، ئەمەش سیمای دیاری تەمومژی داڕشتنە، کە لە جۆرەکانی تری تەمومژی جیای دەکاتەوە. گوێگری ڕستەکەش بە پێی واقیعی ئاخاوتنەکە دەزانێت قسەکەر کام لەم دوو جۆرە (پیاوانە)ی مەبەستە.


– خوشکی ئەو ژیرانە بە ئەنجام گەیشت .

لە ئەنجامی بوونی مۆرفیمە بەندەکانەوە تەمومژییەکە دروستبووە (سازان رضا، ٢٠٠٥: ٤٤). بەم شیوەیە:


**١- (انه) مۆرفیمی به‌ندی داڕشتنه، كه وشه‌یه‌كی نویێ دروستده‌كات. لێره‌دا ژیرانه بۆته (ئاوه‌ڵكار).**

**٢- (ان) مۆرفیمی به‌ندی ڕێزمانییه (نیشانه‌ی كۆیه)، (ـه) پاشبه‌ندی (ئه‌و)ه، كه ده‌كاته (ئه‌و—— ه).**

**بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی زیاتر له هه‌ر دوو باره‌كه‌دا به شێوه‌ی دره‌ختی ڕسته‌كه ده‌خه‌ینه ڕوو:**




**لێره‌دا مۆرفیمی (انه) داڕشتنه‌و وشه‌یه‌كی نوێی دروستكردووه، كه ئاوه‌ڵناوی (ژیر)ی كردۆته ئاوه‌ڵكرداری (ژیرانه).**





بە پێی ئەو خشتە درەختییە، کە بە دوو شێوازی جیا واتای ژێرەوەی ڕستەیەکی بنجی ڕوون دەکەنەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە ژیرانە واتای ڕستەکەی گۆڕیبێت، بەڵکو ژیرانە جارێك لە بەشی نیهاد هاتووە و جارێکی تر لە بەشی گوزارە هاتووە.


یان لە ڕستەی

– کوڕی ئەو دڵسۆزانە خەباتی دەکرد.

ئەم ڕستەیەش تەمومژاوییە، وەك لەم هێڵکاریانەدا دیارە. بەم شێوەیە:




لەم ڕستەیەدا پاشگری (انە) ناوی (دڵسۆز)ی كردووە بە ئاوەڵكردار.



وەك لە هێڵكارییەكاندا دیارە ڕستەی (كوڕی ئەو دڵسۆزانە خەباتی دەكرد) دوو ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە، كە بەهۆی زیاتر لە كەرەستەیەك ڕستەكە تەمومژاوی بووە، بۆ نموونە وشەی (دڵسۆز) لە هێڵكاری یەكەمدا ئاوەڵكردارە، بەڵام لە هێڵكاری دووەمدا دیارخەرە. هەروەها مۆرفیمی (ان) لە هێڵكاری یەكەمدا پاشگرە، بەڵام لە هێڵكاری دووەمدا نیشانەی كۆیە.

## ٢-٢. **تەمومژی فەرهەنگی:-** Lexical Ambiguity

تەمومژی واتایی بەهۆی هاوبێژی و فرەواتایی وشە یان گیرەكەوە دروست دەبێت. لە زۆربەی لێكۆڵینەوەكان كە تایبەتە بەم بوارە، ئەم جۆرە تەمومژییە بە تەمومژی فەرهەنگی (Lexical Ambiguity) دادەنێن (Radford, ١٩٨٢: ٥). ئەم جۆرە تەمومژییە بەهۆی شیكردنەوەی ڕێزمانی ڕستەكانەوە دروست نابێت، بەڵكو بەهۆی فراوانبوونی بواری واتایی یەكەی فەرهەنگی سەرهەڵدەدات (Crystal, ١٩٩١: ١٧). لەگەڵ ئەوەی هاوبێژی و فرەواتایی بە هەموو ڕێژە و واتاكانیانەوە لە فەرهەنگی زمانەكەدا تۆمار دەكرێن، بەڵام هەموو كات فەرهەنگەوان بۆی ناكرێت هەموو واتا بنەڕەت و خوازراوەكانی وشە تۆمار بكات (بەتایبەتی سەبارەت بە فرەواتایی)، چونكە (ڕۆنانی دەربڕینەكە) واتای ڕێزمانی زیاد دەكات بۆ واتا فەرهەنگییەكە. واتا ڕێزمانیەكەش بریتییە لە ئەركی دەربڕینەكە لەو ڕۆنانەدا و لەوانەیە لە واتا فەرهەنگییەكە دووری بخاتەوە (بتول قاسم، ١٩٩٩: ٤٢). ئەو جۆرە تەمومژییەی كە بەهۆی هاوبێژی و فرەواتاییەوە دروست دەبێت، ناگونجێت بە تەمومژی مۆرفۆلۆجی یان سینتاكی دابنرێت (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٤٠). لێرەدا ئەو كەرەستانەی، كە دەبنە هۆی دروستبوونی تەمومژی فەرهەنگی دەخەینەڕوو، كە بریتین لە: (هاوبێژی و فرەواتایی)

هاوبێژی لە زمانی كوردیدا كەم تا زۆر بەرچاو دەكەوێت، هەرچەندە هەموو زمانێك بە ڕێژەی جیاواز هاوبێژی تێدا دروست دەبێت، چونكە بە ڕای زۆربەی زمانەوانە كۆنەكان، هاوبێژی و فرەواتایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەوا دوو نووسەر: یەكێكیان دەربڕینێك بۆ واتایەك دادەنێت، ئەوی تر هەمان دەربڕین بۆ واتایەكی تر دادەنێت، هاوبێژی تەمومژی لە ڕستەدا دروستدەكات، ئەوكاتەی كە دەربڕینێك زیاتر لەواتایەكی دەبێت (Fromkin, ١٩٨٨: ٢٣٨). لێرەدا نموونەی ئەو جۆرە تەمومژییە دەخەینەڕوو، كە بەهۆی هاوبێژی گیرەكەوە دروست دەبێت:

– ەكە

١– پاشگرێكە لە شوێنی جیاوازدا، ناوی داڕێژراو دروستدەكات (Mackenzie, ١٩٦١: ١٤٥).

٢– پاشگری (ناسیاوی) یە، ڕاستەوخۆ بە قەدی ناوەوە دەلكێت (McCarus, ١٩٥٨: ٤٧).

- ئەو نەبوایە، پوولەکەی دەفرۆشت.

ئەم ڕستەیە تەمومژاوییە، بەهۆی بوونی وشەی (پوولەکە)، کە دوو واتا دەبەخشێت:

أ- پوول + ەکە (نیشانەی ناسیاوی).

پوول: پارچە کاغەزێکی چاپکراوی دەوڵەتییە بە پۆستە و سەنەدەوە دەنرێت (شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٠: ٢٢٩).

پوولەکە: ناوێکی داڕێژراوە. شتێکی زەردی تەنکی بچوکی بریسکەداری کوندارە، ئەدرێ بە کاڵای ئافرەتان بۆ جوانی (شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٠: ٢٢٩). بوونی دوو واتا لە وشەی پوولەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکە جیاوازەی مۆرفیمی (- ەکە) دەیبینێت، جارێك وەکو پاشگری داڕشتن و جارێك وەکو نیشانەی ناسیاوی، واتە وەکو مۆرفیمی ڕێزمانی.

- یّ

١- (- یّ): واتای (لەکاتی) دەگەیەنێت (McCarus, ١٩٥٨: ٤٨).

٢- (- یّ): کورتکراوەی نیشانەی نەناسیاوی (- ێك)ە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩: ٢٠٣). واتای تاك و نەناسیاوی دەگەیەنێت.

- هەر شەویّ دێم.

بەهۆی ئەرکە جیاوازەکانی گیرەکی (- یّ)، وشەی (شەویّ)، واتای جیاواز دەدات بە ڕستەی (هەر شەویّ دێم) و تەمومژاوی دەکات، چونکە ڕستەکە ئەم واتایانەی خوارەوەی دەبێت.

- هەر لەشەودا دێم.

- تەنها یەك شەو دێم.

- شەویّ لە شەوان (دیار نییە چ شەوێك) دێم.

فرەواتایی لەگەڵ ئەوەی، کە هۆیەکە بۆ دروستکردنی تەمومژی فەرهەنگی، وەکو دیاردەیەکی زمان ڕۆڵی بنیادنەری زیاترە نەوەك لاوازکردن. دیاردەی فرەواتایی وەکو زۆربەی دیاردەکانی تری زمان بەندە بە دوو لایەنەکەی زمانەوە (دەنگ) و (واتا)، و ئەو دوو لایەنەش بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندان (ئەم گۆڕانەش زۆر لەسەرخۆ ڕوودەدات و لەناکاو نایەتە کایەوە، بەڵکو کاتێکی زۆری دەوێت (علي عبدالواحید، ١٩٤٥: ٣١). ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، گۆڕانی (واتایی)یە، واتای وشە و گیرەك بە تەنها موڵکی وشەیەك نییە، چونکە گۆڕانی واتای وشە سنورێکی دیاریکراوی نییە، چ لەڕووی چۆنیەتی هێنانە کایەی واتای نویّ، دوور لەواتای فەرهەنگی وشە (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٤٢).

هەندیّ وشە بواری واتاکەی فراوان دەبێت، بەهۆی گۆڕانێك، کە پێی دەڵێن فراوانبوونی واتا (Extensions). بۆ نموونە: وشەی (زمان) (جگەرخوێن، ١٩٦٢: ١١٨) لە بنچینەدا بە واتای زمانی

ناودەم بەکارهاتووە، دواتر بواری واتاکەی فراوانبووە، کە ئێستا (زمان) دەگرێتەوە، جگە لە هەندێ واتای خوازەیی وەك: (زمان درێژ).

یان

وشەی (بزوێن) لە بنەڕەتدا بەواتای (لەوەڕگا) هاتووە، بەڵام ئێستا واتاکەی فراوانتر بووەو (هەموو شتێکی پێویست) دەگرێتەوە (عبدالرحمن محمد، ١٩٧٩: ٩١).

یان بەهۆی گۆڕانێك، کە تەسکبوونەوەی واتا (Specialization)ی پێدەڵێن، کە وشەیەك واز لەواتا گشتیەکەی خۆی دێنێت و پسپۆڕی لەواتایەکی تەسکتردا پەیدادەکات، یان هەندێ جار وشە واتایەکی گشتی هەیەو هەندێ جاریش بە واتایەکی تەسکتر بەکاردێت. بۆ نموونە: وشەی (نان) لە بنەڕەتدا وەك لە هەندێ فرێزدا دەردەکەوێت بەواتایەکی فراوان بەکارهاتووەو هەموو جۆرە خواردنێکی گرتۆتەوە (نانی پێ پەیدا ناکرێت، بەدوای ناندا وێڵە، نانی مەبڕە، نانی خۆیی منداڵی بڕی...هتد)، ئێستا شان بە شانی ئەو واتا فراوانە، وشەی (نان) لە کوردی ئەمڕۆدا بە واتای (کولێرە)ش دێت وەك لەم بەکارهێنانانەدا دەردەکەوێت: منداڵەکەی نارد نان بێنێت، چووە نان بکڕێت، چێشت بە نانەوە ناخوات، ئەو نانەمان بۆ تەڕ بکە...هتد. کاتێك کە وشەیەك واتای نوێ پەیدادەکات، ئەگەر بە تێپەڕیوونی کات، واتا کۆنەکەی (واتای فەرهەنگی) لە دەست نەدات، ئەوا بە واتا کۆن و نوێیەکە فرەواتایی دروست دەکەن، فرەواتایش دەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی فەرهەنگی.

لێکدانەوەی هەندێ نموونە:

– ئەوەی تریشی لێ خست.

(لێ) گیرەکێکەو واتای جیاواز دەبەخشێت بە کارەکە:

لێ: کەواندنی شت.

لێ: لە کاردەرکردن.

لە هەردوو واتاکەدا بزوتنەوەیەکی (ڕووەو خوارەوە) دەگەیەنێت.

– کەواندن: کەوتنە سەر زەوی.

– لەکاردەرکردن: واتە لە کورسی دابەزین، ئەمەشیان کەواندنێکی واتایی (مەعنەوی)یە (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٤٣).

– مریشکەکە پێ ڕا گەیشتووە.

(پێ – ڕا) گیرەکێکی لێکدراوە، ئەم واتایانەی خوارەوە دەدا بە کارەکە:

أ– پێگەیشتن لەڕووی تەمەن و گەورە بوون.

ب– بەواتای کوڵان و ئامادەبوون بۆ خواردن.

ڕستەیەك بە تەمومژی فەرهەنگی دادەنرێت، ئەگەر هاتوو تەمومژییەکەی لە یەکێك لە وشەکانیەوە سەرچاوەی گرتبوو (Sue, ١٩٩٤: ٢٩). بێگومان ئەو تەمومژییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وشە تەمومژاوییەکە زیاتر لە واتایەك دەبەخشێت. ئەم جۆرە تەمومژییە گرنکتر و بلاّوترە لە تەمومژی ڕێزمانی (Trask, ١٩٩٣: ١٣). دوو جۆر تەمومژی فەرهەنگی هەیە، تەمومژی فەرهەنگی کاتیگۆری و تەمومژی فەرهەنگی تەواو.

**٢-٢-١. تەمومژی فەرهەنگی کاتیگۆری:-**

لەم جۆرە تەمومژییەدا زیاتر جەخت لەسەر بەشەکانی ئاخاوتنی وشە دەکرێت. وشە هەیە دەکرێت لە ڕستەیەکدا (ناو) بێت لەڕستەیەکی تر (ئاوەڵکردار) بێت لە ڕستەیەکی تر (ئاوەڵناو) بێت. ئەم دیاردەیە تەنها لە چەند وشەیەکی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت. هەریەك لەم وشانە (جوان، شیرین، نازدار) زیاتر لە بەشێکی ئاخاوتن دەنوێنن (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠٠٩: ٢٣٧).

– جوان جوانە.
ناو ئاوەڵناو
– جوان جوان دەڕوات.
ناو ئاوەڵکردار
– شیرین شیرینە.
ناو ئاوەڵناو
– شیرین شیرین دەدوێ.
ناو ئاوەڵکردار


هەروەها هەندێ وشەی تری وەك (ئازاد) و (ڕزگار) دەکرێ وەك (ناوی کەس) و (ئاوەڵناو) بەکاربێن. لە هەندێ دەوروبەر (سیاق)ی قسەدا، جگە لەم جیاوازییە لەواتاش جیاوازن.

– ئازاد تەلەبەیەکی زیرەکە.
ئازاد (ناوی کەس)
– ماڵی ئازادی سوتا.
ئازاد (ئاوەڵناو)
– ڕزگار دکتۆرێکی ناسراوە.
ڕزگار (ناوی کەس)
– هەر گەلێك تێبکۆشێت ڕزگاری دەبێت.
ڕزگار (ئاوەڵناو)

## ٢-٢-٢. تەمومژی فەرهەنگی تەواو:-

ئەم جۆرە تەمومژییە ئەوکاتە دروست دەبێت، کە وشەیەك زیاتر لەواتایەك بگەیەنێت یان ببەخشێت (Sue, ١٩٩٤: ٣١). لەم ڕوانگەیەوە ئەم جۆرە تەمومژییە هەم پەیوەستە بە واتاسازییەوە، هەم پەیوەستە بە دەوروبەری بەکارهێنانی وشەکەوە، کەواتە ئەم جۆرە تەمومژییە تەمومژییەکی سیمانتیکی پڕاگماتیکییە. ئەم جۆرە تەمومژییە چونکە پەیوەندی بە تەمومژی وشەوە هەیە، ئەم دیاردە زمانەوانییە بە شێوەیەکی سەرەکی لە (فرەواتا و هاوبێژی و پارەوانی و هایپۆنیم)دا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

– (هەڵهات) وشەیەکی داڕێژراوە لە (پێشگر + کردار) پێکهاتووە، لە هەمان کاتدا ڕستەیە، چونکە (بکەر) کەسی سێیەمی تاکەو دەرنەکەوتووە، دەرنەکەوتنی (بکەر)یش بۆتە هۆی تەمومژی ڕستەکە، چونکە وشەی (هەڵهات) لە فەرهەنگدا بۆ چەند واتایەکی جیاواز بەکاردێت (طالب حسین، ١٩٩٨: ٦١).




کاتێك کە فرێزی ناوی (بکەر) لەگەڵ کرداری (هەڵهات)دا بەکاربێنین وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە:

١– گەلاوێژ هەڵهات.

٢– کوڕەکە هەڵهات.

٣– هەویرەکە هەڵهات.

لێرەدا ڕستەی یەکەم تەمومژاوییە، چونکە وشەی (هەڵهات) بە دوو واتای جیاواز لێکدەدرێتەوە، ئەمەش بەندە بە واتای (گەلاوێژ)ەوە، ئەگەر وشەی (گەلاوێژ) بۆ ناوی (کچ) بەکارهاتبوو، ئەوا وشەی (هەڵهات) واتای (ڕایکرد) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو مەبەست لەوشەی (گەلاوێژ) ئەو ئەستێرەیە بێت کە لە مانگی ئابدا دەردەکەوێت، ئەوا وشەی (هەڵهات) واتای (دەرکەوت) دەگەیەنێت، کەچی لە ڕستەی دووەم و سێیەم ئەو تەمومژییە نامێنێت، چونکە لەگەڵ وشەی (کوڕەکە)دا، وشەی (هەڵهات) واتای ڕایکرد دەگەیەنێت ، هەروەها لەگەڵ وشەی (هەویر)دا، وشەی (هەڵهات) واتای (ترشا) دەگەیەنێت.

– لە منداڵەکە بگەڕێ.

ڕستەیەکی تەمومژاوییە، لە واتایەك زیاتر هەڵدەگرێت بەهۆی وشەی (لێ گەڕان)، کە وشەیەکی هاوبێژە (طالب حسین، ١٩٩٨: ٦٢) بەم دوو واتایەی خوارەوە لێکدەدرێتەوە.

**لێ گەڕان**

**لێ گەڕان: گەڕان بەدوایدا.** — **لێ گەڕان: وازلێهێنان.**

**- دەرگاکەم گرت.**

**ڕستەیەکی تەمومژی فەرهەنگییە، لە ئەنجامی فرەواتایی وشەی (گرت) ڕستەکە تەمومژاوی بووە، کە بە دوو واتای جیاواز لێکدەدرێتەوە.**

**١- بەواتای (گرتن) دێت، کە واتای (بنجی) وشەکەیە.**

**٢- بە واتای (داخستن) دێت، کە لێرەدا بووە بە سێبەری واتای وشەکە، بەڵام کە دەڵێین:**

**- دزەکەمان گرت.**

**تەنها واتا (بنجی)یەکە دەگەیەنێت.**

**بەشێك لە پارەوانی کە پێی دەوترێت پارە وشە خۆیی (یوسف شەریف، ٢٠٠٤: ١٦٩) تەمومژی دروست دەکات، هەردوو وشەی (دەست) و (پێ) لە کوردیدا ئەم بەشانە دەگرێتەوە:**

**دەست** ← **دەست.** / **بازوو.** / **قۆڵ.**

**پێ** ← **پێ.** / **قاچ.** / **لاق.**

**هەروەها دەگونجێت هەریەك لە (دەست) و (پێ) هایپۆنیم بن، چونکە چەند وشەیەك لەخۆدەگرن، کە بەشێکن لە (دەست) و (پێ). وەك:**

دەست
- باڵ.
- ئانیشك.
- قۆڵ – باسك.
- مەچەك.

هەروەها وشەی (دەست) بەم واتایانەش دێت:

دەست
- پەنجە
- ناولەپ
- پشتەدەست

پێ
- ڕان.
- ئەژنۆ.
- قاچ.
- لوولاك.

هەروەها وشەی (پێ) بەم واتایانەش دێت:

پێ
- پاژنە.
- پەنجەپێ.
- بەلەك – پوز.

کاتێك کە یەکێك دەڵێت:

– دەستم شکا.

یان دەڵێت:

– پێم شکا.

هەردوو ڕستەکە تەمومژاوین، چونکە تەواو نازانرێت کە ڕستەی (دەستم شکا) کوێی دەستی قسەکەر شکاوە، هەروەها لە ڕستەی (پێم شکا) نازانرێت کوێی پێی قسەکەر شکاوە. کەواتە هەر تەمومژییەك لە ئەنجامی تەمومژی وشەکانەوە دروست بووبێت و سەری هەڵدابێت ئەوا پێی دەوترێت تەمومژی فەرهەنگی (Harford & James, ٢٠٠٧: ١٣٥).

# بەشی سێیەم

## تەومژی و ئاستەکانی زمان

- تەومژی ئاستی فۆنۆلۆجی .

- تەومژی ئاستی مۆڕفۆلۆجی .

- تەومژی ئاستی سینتاکسی .

## بەشی سێیەم

### ٣. تەمومژی و ئاستەکانی زمان.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە کەرەستەکانی زمان، دەبینین زۆربەی یەکە زمانییەکان بە تایبەتی کەرەستە سادەکان (وشە سادەکان)ی زمان تەمومژاوین. بۆ نموونە وشەی (کورسی) وەك کەرەستەیەکی زمانیی واتایەکی گشتی و فرەواتایی یان تەمومژاویی هەیە، کە چەندین واتاو مەبەست دەگەیەنێت، وەك: (کورسی ئاسن، کورسی پلاسکۆ، کورسی دار، کورسی دانیشتن، کورسی دەسەڵات (میتافۆر) .... هتد). هەروەها سەبارەت بە کەرەستە ناسادەکانیش، کە پێدەچێت هەندێکیان ڕوونیان تێدا هەبێت، واتە پەیوەندی هەبێت لە نێوان وشە ناسادەکە و شتەکەدا، وەك: (دارتاش). بەڵام بە شیکردنەوەی ئەو یەکە زمانییە بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانی دیسان تەمومژی پەیدا دەبێت. کەواتە دەستنیشانکردنی سنورێکی دیار لەڕووی پێناسە و جۆرەوە بۆ تەمومژی کارێکی ئاسان نییە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٨١)، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بوونی هەندێ وشەو ڕۆنانی زمانیی، کە لە واتایەك زیاتر دەگەیەنن، دەکرێ بەپێی ئاستەکانی زمان چەند جۆرێك لە تەمومژی دەستنیشان بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-١. تەمومژی ئاستی فۆنۆلۆجی:-

فۆنۆلۆجی لقێکی زانستی زمانە، کە لە سیستەمی دەنگ دەکۆڵێتەوە لە زماندا. بە ڕێژەیەکی نسبی تەنها ژمارەیەکی کەم لە دەنگ هەیە کە جیاوازن لە هەر زمانێکدا.

ئامانجی ئەم زانستە (فۆنۆلۆجی) ئەوەیە، کە جیاوازییەکانی دەنگ لە زماندا دەخاتە ڕوو، هەروەها لە سروشتی سیستەمی دەنگ لە زمانەکانی جیهاندا دەکۆڵێتەوە( Crystal, ٢٠٠٣: ٣٥١).

تەمومژی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا دەکرێت بڵێین لە زمانی کوردیدا زۆر دەگمەنە یان هەر نییە، چونکە هەر وشەیەك چۆن دەنگەکانی گۆ دەکرێت، ئاواش دەنووسرێت، واتە نووسینی کوردی تاڕادەیەك فۆنیمییە. بەڵام بە بەراوردی ئەو لایەنە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا دەبینین تەمومژی لە ئاستی فۆنۆلۆجی زمانەکەدا هەیە، کە لە قسەکردندا بەتایبەتی لە ڕۆنانی فۆنەتیکی وشەکان یان فرێزەکاندا ڕوو دەدات، بۆ نموونە وشەی (م ، ی ، ت)ی ئینگلیزی دوو واتای جیاواز (meat – گۆشت) و (meet– ژوان) دەگەیەنێت. ئەم جۆرە تەمومژییە لە زمانی ئینگلیزیدا بە نووسین دەڕەوێتەوە، چونکە هەر وشەیەك بەجۆرە سپێڵێك دەنووسرێت. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر باری مێژووی نووسینی ئینگلیزی، کە مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە پێچەوانەوە نووسینی کوردی زۆر لە مێژ نییە کەوتۆتە قاڵبی نووسینەوە (طالب حسین، ١٩٩٨: ٦٦). بۆیە هەر وشەیەك چۆن گۆدەکرێت ئاواش دەنووسرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە وشە هاودەنگەکان وەکو یەك بنووسرێن و ناکرێ بەهۆی نووسینەوە لە یەکتری جیا بکرێنەوە، واتە

تەمومژی وشەکان لە نووسیندا ناڕەوێتەوە. ئەو تەمومژییەی کە لە نووسینی کوردیدا دەردەکەوێت، دەکرێت لە قسەکردندا، لە ئەنجامی بەکارهێنانی فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەك: هێز و ئاوازە بە ئاسانی چارەسەر بکرێت. لەبەر ئەوە زۆرجار لە کوردیدا وشە یان ڕستە تەمومژاوییە، بە بیستن تەمومژییەکە نامێنێت. بۆ نموونە: (سەوزە) لە وتندا ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم دەبێتە سیفەتێك دەخرێتە پاڵ شتێك وەك (گیا سەوزە)، ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم واتای (خواردەمەنی سەوزە) دەگەیەنێت، هۆی ئەمە ئەوەیە (ـە) جارێك وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆجی و جارێکی تر وەك یەکەیەکی سینتاکسی لەگەڵ (سەوز)دا دەردەکەوێت، واتە (ـە)ی هەردوو واتاکە دوو مۆرفیمی جیای هاودەنگن homophon. لە حاڵەتی مۆرفۆلۆجیدا دەچێتە سەر (سەوز) وشەو واتای تازەی لێ دادەڕێژرێت. هێزەکە دەگوێزرێتەوە سەر دوا بڕگە، چونکە لە زمانی کوردیدا هێز لەسەر دوا بڕگەی وشە سەر هەڵدەدات. لە لایەکی ترەوە (ـە) وەك یەکەیەکی سینتاکسی دەچێتە سەر (سەوز) بۆ دەربڕینی (ڕێککەوتن و کات) لەم حاڵەتەدا کار لە شوێنی هێز ناکات (وریا عمر، ١٩٩٥: ٦٧).

یان لە وشەی (کەرە) ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم، ئەوا بە واتای (بێ مێشك) دێت، بەڵام ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم، ئەوا بە واتای (قەیماغ) دێت.

هەندێ جار وەستان و نەوەستان لە سنوری وشە و فرێزدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، وەك:

– ئەو بەرە دار هەنارە.

ئەگەر وەستانەکە لە نێوان وشەی (ئەو) و (بەرە)دا بوو، ئەوا بە واتای (میوەی دار هەنار) دێت، بەڵام ئەگەر وەستانەکە کەوتە کۆتایی وشەی (ئەو بەرە)، ئەوا بە واتای (ئەو شوێنە دار هەنارە) دێت.

تەنها ئەو تەمومژییەی کە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ڕوودەدات و ناڕەوێتەوە، ئەوەیە کە لە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ و کەسی سێیەمی کۆدا هەیە، ئەو دوو جێناوە لکاوەش لە شێوەی یەك مۆرفیمدا دەردەکەون، ئەویش (ن)ـە. واتە هەردوو جێناوی لکاوی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ دەبن بە هاودەنگ، بۆ نموونە:


– دەم ناردن.

ئەگەر چی ئەم ڕستە کورتکراوە لە ڕۆنانی سەرەوەدا بە وشەیەك دەربڕاوە، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ڕستەیەکی تەواوە، دوو واتای جیاواز دەگەیەنێت، واتە ڕستەکە تەمومژاوییەو بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە:

دەم ناردن

من ئێوەم دەنارد. | من ئەوانم دەنارد.

لەم شیکردنەوە درەختییەدا، ڕستەکە بە پێی یاسای گوێزانەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە خراوەتە ڕوو:




واتە {ن} لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکەدا وەك نیشانەی بەرکار، لەگەڵ ڕەگی ڕابردووی کارەکەدا دەرکەوتووە، بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن لەگەڵ بەرکاری کەسی دووەم و سێیەمی کۆدا، کە سەر بە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکەن.

## ٣-١-١. **برگە:-** Syllable

لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە برگە بریتییە لە ڤاوڵێك و كۆنسنانتێك یان لە كۆنسنانتێك زیاتر، هەروەها پێكهاتەی برگە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە، لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا برگە هەیە لە ڤاوڵێك پێكدێت وەكو (I) = من، بەڵام لە زمانی كوردیدا برگە لە ڤاوڵێك پێك نایەت، بەڵكو ڤاوڵێك دەبێتە هەوێنی برگەیەك و ئەو برگەیەش بەپێی ژمارەی كۆنسنانتەكانی، درێژی و كورتی دەستنیشان دەكرێت. لە زمانی كوردیدا درێژترین برگە لە ڤاوڵێك و چوار كۆنسنانت پێكدێت (غازی فاتح، ١٩٨٤: ٨٣). بۆنموونە وشەی (خوارد) لە پێنج فۆنیم پێكدێت، بەم شێوەیە:

خوارد    خ و ا ر د

c c v c c

لەگەڵ ئەوەی كە ئاماژە بە شێوەو پێكهاتەی برگە كرا، لێرەدا پێویست بە بابەتی ئەم باسە، لە چەند خاڵێكدا سودی برگە دەخەینە ڕوو:

١- كەرتكردنی هۆنراوە لەسەر ئەساسی ژمارەی برگەكانی جێبەجێ دەكرێت، بەم جۆرە برگە یەكەیەكی فۆنۆلۆجییەو بەپێی وتنەوەی هۆنراوەكە دەستنیشان دەكرێت.

٢- بەپێی برگە، دەتوانین جۆری لێكدانی فۆنیمەكان دەستنیشان بكەین و بەپێی ئەم لێكدانە دەتوانین شێوەی پێكهاتنی وشە شیبكەینەوە.

٣- لە سنوری فۆنۆلۆجیدا، پێویستە لە بچوكترین یەكەی زمانەوە، كە (فۆنیمە)، دەست بكەین بە شیكردنەوەی وشەو برگەش دووەم دانەیە، ئینجا هێز دێت.

٤- وردبوونەوە لە جۆری برگە، یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بزانین چ فۆنیمێك لەگەڵ فۆنیمێكی تر ناگونجێت.

٥- بەپێی برگە دەتوانین بەراوردی شێوەی پێكهاتنی وشەی دوو زمان بكەین. بۆ نموونە وشەی (Sheperd) لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە دوو برگە، بەڵام لە زمانی كوردیدا ئەو وشەیەی كە هەمان واتای ئەو وشەیە دەگەیەنێت یەك برگەیە، (شوان). لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ((برگە و هێز هاوبەندی یەكن لە باس و لێكۆڵینەوەكاندا، چونكە برگە هەڵگری هێزەو هێزیش كەرەستەیەكە [كەرەستەیەكی ناكەرتییە] لە گەڵیدا دەردەكەوێت)) (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ١٥). گرنگی هێز لەگەڵ بەكارهێنان و چۆنیەتی و جۆری برگەی زماندا دەردەكەوێت، چونكە ئەگەر ناوی هێزمان هێنا دەبێت ناوی برگەشی لەگەڵدا بهێنین، بۆ نموونە كە دەڵێین برگەی هێزدارو ناڵێین وشەی هێزدار. بەم جۆرە سودی كەرتكردنی وشە دەردەكەوێت، چونكە ئەگەر وشە دابەش نەكرێت بە سەر برگەدا ئەوا سنوری هێزیش دەرناكەوێت، بەڵكو ناتوانرێت دەستنیشان بكرێت. هەروەها گرنگی فۆنیم لە دەستنیشانكردنی برگەدا دەردەكەوێت، چونكە

ئەگەر بڵێین بڕگە چییە؟، لە وەڵامدا دەبێت بڵێین بڕگە بریتییە لە چەند فۆنیمێك. هەروەها جیاوازی بڕگە و هێز لەوەدایە کە بڕگە دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت لە هەندێ نووسینەوەدا دوای درکاندنی، بەڵام دەستنیشانکردنی سنووری هێز لە مێشکی مرۆڤدایە (غازی فاتح، ١٩٨٤: ٨٢). لێرەدا بەم شێوەیە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی بڕگە دەخەینە ڕوو:

١- بەپێی ئاوازە، ئەو بڕگەیەی ئاوازەیەکی بەرزی هەیە بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.

٢- بەپێی ئەو هەوایەی کە بە تەوژم لە سییەکانەوە بەبێ وەستان دەچێتە دەرەوە چەند دەنگێکی پێ دروست دەکرێت، ئەو دەنگانەی کە دەکەونە سنووری ئەو تەوژمەوە بڕگەیەك پێکدێنن. لە زمانی کوردیدا دوو جۆرە بڕگە دەستنیشان دەکرێت:

أ- بڕگەی داخراو کە بە کۆنسنانت کۆتایی دێت، وەك:

دار ، بەرد ، ...هتد.

ب- بڕگەی کراوە کە بە ڤاوڵ کۆتایی دێت، وەك:

شا ، بۆ ، بە ، ...هتد.

### ٣-١-٢. <u>نێوان:-</u> Juncture

نێوان زاراوەیەکە لە دەنگسازیدا بۆ ئاماژەکردن بە سنووردارکردنی ئاکارە دەنگسازیەکان بەکاردێت ، کە لەوانەیە سنووری جیاکەرەوەی یەکە ڕێزمانیەکان بن، وەك: مۆرفیم ، وشە یان لاڕستە (Clause). دیارترین ئاکاری نێوان کپبوونە، بەڵام لە ئاخاوتنی نەپچڕاودا ئەم ئاکارە هێندە باو نییە وەك لە گۆڕانکاریە جیاوازەکانی بەسەر سەرەتا و کۆتاییەکانی یەکە ڕێزمانیەکاندا دێت. دابەشکردنی وشە، بۆ نموونە، دەگونجێت نیشانەدار بکرێت بە تێکەڵێیکی لەرە ، هێز ، درێژی و ئاکارەکانی تر (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٣٢). بۆ نموونە:

- هیوام نییە.

(هیوا) ناوە و یەك وشەیە، واتە، ڕستەکە واتای (بێ ئومێدم و هیچ هیوایەکم نییە) دەگەیەنێت.

(هی وا) دەستەواژەیە و دوو وشەیە و نێوانێکیان هەیە، واتە، ڕستەکە واتای (من شتی وام نییە) دەگەیەنێت. زاراوەکە لێرەدا باس لە سیمایەکی فۆنەتیکی سنووری نێوان دوو وشە یان دوو مۆرفیم دەکات و لە هەموو نێوانێك دیارترە. ئەم بێدەنگیەی نێوان دوو وشە، بەهۆی لەرە و هێز و درێژییەوە دەردەکەوێت. وەك (سێبەر) و (سێ بەر) لە فۆنۆلۆجیدا وەك یەك دەنووسرێن، بەڵام لە ڕووی فۆنەتیکەوە جیاوازن.

نێوان یەکێکە لە کەرەستە ناکەرتیەکان، کە لە گۆکردندا کەرەستەیەك لە کەرەستەیەکی تر دادەبڕێ و جیای دەکاتەوە، بەهۆی کورتە پشویەك یان وەستانێکی کورت. لە جۆرە هەرە باوەکانی نێوان، وەستان Stop و هەڵوەستە Pause ن. کرۆکی نێوان لە هەموو جۆرەکاندا کورتە بێدەنگییەکە، کە دەکەوێتە نێوان کەرەستە ڕێزمانیەکان، واتە: دەنگ بڕین بۆ ماوەیەکی کورت، ئیتر لەو ماوە کورتەدا هەوا لە سییەکاندا بێتە دەر یان بچێتە ژوور یان بوەستێ گرنگ نییە، بەڵکو گرنگیەکە لەوەدایە کورتە بێدەنگییەك دروست دەبێت، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی کەرەستەی ڕێزمانیی یەکەم لە کەرەستەی ڕێزمانیی دووەم. بۆ نموونە، گواستنەوەی ئەو کورتە بێدەنگییە، لە پێش کەرەستەیەك مۆرفیمی نەرێ {نا} بۆ دوای کەرەستەکە، واتای دەستەواژەکە دەگۆڕێت. وەك:

| نێوان لە پێش {نا}ی نەرێ ( هەڵبژاردنی یەکەم) | نێوان لە دوای {نا}ی نەرێ (هەڵبژاردنی دووەم) |
|---|---|
| ترسنۆکەکان – نامەردەکان بڕۆن. | ترسنۆکەکان نا – مەردەکان بڕۆن. |
| درۆزنەکان – ناپیاوەکان دانیشن. | درۆزنەکان نا – پیاوەکان دانیشن. |

لە هەڵبژاردنی یەکەمدا، کە (نێوان) لە پێش مۆرفیمی (نا) بوو، وشەکە تا ڕادەیەك واتای وشەی یەکەمی بەخشی و جەختی لەسەر کردەوە، واتە (ترسنۆکەکان بڕۆن)، (درۆزنەکان دانیشن)، بەڵام لە هەڵبژاردنی دووەمدا، کە (نێوان) کەوتە دوای مۆرفیمی (نا) بووە هۆی جیاکردنەوەی هەردوو وشەکەو هەڵبژادنی وشەی دووەم بۆ ئەنجامدانی کارەکە، واتە (مەردەکان بڕۆن)، (پیاوەکان دانیشن).

### ٣-١-٢-١. وەستان:- Stop

وەستان یەکێکە لە کەرەستە (سیما) ناکەرتییەکان و لە پۆلێنکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی بنەڕەتی لە نێوانەکان بەکاردێت، کە ئاماژەیە بۆ هەر دەنگێك کە تیایدا تاڵە ژێیەکان تەواو داخرابن (Crystal, ٢٠٠٣: ٤٣٣). لە کاتێکدا کە پێکهاتەیەك لە ڕووی ڕۆنان و واتا تەواو بوو، وەستان دروست دەبێت، واتە هەر کاتێك ڕێکخستنی ڕێزمانی زنجیرە دەنگەکان بێخەوش بوون و پەیام و مەبەستەکەی گەیاند، وەستان دێتە ئارا. دەستنیشانکردنی شوێنی وەستانەکان ئاسان نییە، چونکە وەستانە ڕاستەقینەکان پابەندن بە شێوەو جۆرو واتای ڕۆنانەکان، ئەمانەش لە ڕۆنانێکەوە بۆ ڕۆنانێکی تر بە پێی بارودۆخەکانی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری .... هتد) قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێن و ژمارەیان بێپایانە. هەرچەندە دیاریکردنی شوێنی وەستانەکان ئاسان نییە، بەڵام پێچەوانەکەی ئاسانترە، واتە

دەتوانرێت هەندێ شوێن دەستنیشان بکرێن، کە وەستانیان لێ دروست نابێت، وەك: نێوانی دیارخەر و دیارخراو، بکەر و کردار، بەرکار و کردار، ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە....هتد. وا باوە لە وەستانی تەواودا ئاوازە دادەبەزێت. لە ڕستەکانی هەواڵدان، مەرجی، فەرماندان....هتد هێمای (.) دادەنرێت، بەلاّم لە ڕستەی پرسیاریدا، هێمای نیشانەی پرسیار (؟) دادەنرێت، کە هەندێ جار پێی دەوترێت (وەستانی هەڵواسراو، چونکە واتاکەی لە وەڵامی پرسیارەکەدا تەواو دەبێت (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٣٧).

### ٣-١-٢-٢. **هەڵوەستە:-** Pause

یەکێکە لە کەرەستە ناکەرتییەکان و لە پۆلێنکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی تر لە نێوانەکان بەکاردێت، کە لە وەستان سوکترە یان کورتترەو ڕادەکەی نزمترە. هەڵوەستە گۆڕانی زنجیرەی گۆکردن یان ڕەوتی دەربڕینەکان بە گۆڕانی ئاوازەکەی و سووکە ئاگادار کردنەوەیەکە کە قسەکەی دواتر یان داهاتوو پەیوەندییەکی توندی بە قسەی پێشتر یان ڕابردووەوە هەیە. گوایە کە هاوشانە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاوازە (rising tone) کە نیشانەیە بۆ کۆتایی نەهاتنی قسەکە. هەندێك لە زمانەوانان لە نووسیندا هێمای کۆما (،)یان بۆ دەستنیشانکردووە (کمال محمد، ٢٠٠٠: ٥٥٨). لە بنەڕەتدا ئەم نێوانە وەکو پردێکە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی دوو پێکهاتەی ڕێزمانی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، یان ڕۆنان و واتا. هەڵوەستە بە پێچەوانەی وەستان خۆشەکیە، دەتوانرێت دابنرێت، یان دانەنرێت، بەلاّم دانانی گونجاوترە (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٣٧). لە شوێنە هەرە باوەکانی بوونی هەڵوەستە لە زمانی کوردیدا، نێوان شاڕستە و پاڕستەیەو دەکەوێتە پێش ئامرازە لێکدەرەکان و نێوان ڕستە سادەکانی ڕستە لێکدراوەکان، ژماردنی زنجیرە یەکەیەکی ڕێزمانی ، وەك: ناو، ئاوەڵناو....هتد.

جگە لە وەستان و هەڵوەستە، جۆرێکی تری نێوان لە لایەن هەندێك لە زمانەوانان دەستنیشانکراوە، کە پشووە (استراحە) (کمال محمد، ٢٠٠٠: ٥٦٠). بریتییە، لەو هەناسە خواردنەوە یان هەناسە گلدانەوەیەی کە قسەکەر لە کاتی گۆکردندا سوودی لێ دەبینێت و ماوەکەی لە دوو جۆرەکەی تر کەمترەو هیچ نیشانەیەکی لە نووسین بۆ دانەنراوە، چونکە زۆرتر پابەندە بە نەمانی هەوای سییەکان یان هەناسە بڕکێی قسەکەر، ئەمەش زۆرتر لە کوردیدا لە لاوك و حەیران و مەقامەکان بەکاردێت. بەلاّم ئەم جۆرانە ناکرێت بە نێوان دابنرێن، چونکە، کار لە گۆڕینی ڕۆنانی داڕشتنەکەو واتای فۆڕمەکان ناکەن، جگە لەمەش بەپێی هەناسە درێژی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن.

هەندێك زمانەوانی تر ئاماژە بە جۆرێکی تر لە (نێوان) دەکەن، کە لە بنەڕەتدا دیاردەی دەنگسازین و دەبنە ناوبڕ لە نێوان دوودەنگی وشەیەك و بە زۆری وەستانیان تێدا نییە (Amin, ١٩٧٩: ٢٥)، وەك:

**١- دەنگە ناوبڕی نەبزوێن  لە نێوان دوو بزوێن، وەك:**

| فرێزی ناوی | ڕەگی بوون دەرناکەوێت | دەنگە ناوبڕ ((نێوان)) | مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) | جێناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| ئازا | Ø | - | Ø | م | ئازام |
| ئازا | Ø | - | Ø | ی | ئازای |
| ئازا | Ø | ی | ە | Ø | ئازایە |

**٢- ئەو دەنگەی لە نێوان دوو نەبزوێندا پەیدا دەبێت، کە لە کوردیدا بە (بزرۆکە) ناوبراوە:**

**خوارد + ن ←──── خوارد + نێوان + ن ←──── خوارد - ن ←──── خواردن.**
**خوارد + مان ←──── خوارد + نێوان + مان ←──── خوارد - مان ←──── خواردمان.**

**چاند + ن ←──── چاند + نێوان + ن ←──── چاند - ن ←──── چاندن.**
**م + ن + چاند + م ←── م + نێوان + ن + چاند + نێوان +م ←── م - ن + چاند - م ←── من چاندم.**

## ٣-٢. تەمومژی ئاستی مۆرفۆلۆجی:

**مۆرفۆلۆجی ئاستێکی سەرەکی زمانەو پانتاییەکی فراوان لە توێژینەوە زمانەوانیەکان داگیردەکات، چونکە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی وەك (ناو، جێناو، کار .... هتد) لە خۆ دەگرێت. جگە لەوەی هەر بەشێك لەو بەشانە چەندین لقی تری لێ دەبێتەوە.**

**ئەم جۆرە تەمومژییە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بریتییە لە ((وشەیەك یان مۆرفیمێك [بە تەنیا] ببیسترێ یان بخوێنرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە واتایەك تێی بگات)) (وریا عمر، ١٩٩٥: ٦٦). یان ((بریتییە لەو وشەو مۆرفیمانەی کە لە واتایەك زیاتر دەبەخشن و دەبنە هۆی تەمومژی لە زماندا)) (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٩٨). واتە زۆر جار وشەیەك کە بەکاردەهێنرێت بۆ زیاتر لە مەبەستێك بەکاردێت و لای گوێگر یان خوێنەر گرفت و ئاڵۆزی دروست دەکات، واتە بەشەکانی لە واتادا زیاتر لە واتایەك دەگەیەنن، وەك:**

**- تەمومژی لە مۆرفیمی بەندا. وەك:**

(کە) مۆرفیمێکی تەمومژاوییە لە زماندا، چونکە چەند واتایەکی ڕێزمانی هەیە. هۆی دروست بوونی تەمومژییەکەش ئەوەیە ئەو جۆرە مۆرفیمانە یان هاوبێژن یان فرەواتان. وەك:

١- ئەلۆمۆرفی نیشانەی ناسیاوییە لەگەڵ ئەو ناوانەی بە بزوێنی ( ا ، ێ ، ۆ ، ە ) کۆتاییان دێت. وەك:

مامۆستا + کە ← مامۆستاکە

هەرمێ + کە ← هەرمێکە

دۆ + کە ← دۆکە

پەنجەرە+ کە ← پەنجەرەکە

٢- ئامرازی گەیەنەرە، لە ڕستەی شوێنکەوتووی کاتیدا دێت (کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤: ٢٤). وەك:

- کە بەهار هات دەچین بۆ سەیران.

٣- پاشگرە. وەك:

أ- ناو + کە ← ناوی داڕێژراو. وەك:

لووت + کە ← لووتکە

لەت + کە ← لەتکە


ب- ئاوەڵناو + کە ← ناوی داڕێژراو (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩: ١٢٧). وەك:

پیس + کە ← پیسکە

ڕەش + کە ← ڕەشکە

شین + کە ← شینکە

- تەمومژی لە ناودا. وەك:



گەلاَ

گەلاَی دار — ١٠٠ دۆلار

دار

درەخت — مۆرفیمی خاوەنێتی (دوكاندار)

- تەمومژی لە جێناودا. وەك:

جێناوی كەسی لكاوی (ن).

جێناوی (ن)

بۆ كەسی دووەمی كۆ
ئێوە نووستن.

بۆ كەسی سێیەمی كۆ
ئەوان نووستن.

- تەمومژی لە ئاوەڵناودا. وەك:

بەرین

فراوان — ببەین.

شين

ڕەنگی شين — شيوەن و گريان — سەوزی تۆخ

- تەمومژی لە ئاوەڵكرداردا. وەك:

هەر جارێك

تەنها يەك جار — هەر كاتێك

لەكن

لە لای — ئەوان لە خێڵی لەكن.

- تەمومژی لە كرداردا. وەك:

سوو

تيژكردن — قازانجی پارەی قەرز

**سڕی**

**ڕەشیکردەوە.** **تەزیویت.**

**ئەوەی زیاتر لەم جۆرە تەمومژییەدا دەور دەبینێت دیاردەکانی (هاوبێژی) و (فرەواتایی)ن. هەروەها دەکرێت تەمومژی مۆڕفۆلۆجی لە یەکەی ڕێزمانیی وەک: (فرێز و ڕستە)شدا دەوری خۆیان ببینن، بەڵام لەم حاڵەتانەدا فرێز و ڕستەکان بەهۆی وشەوە تەمومژاوی دەبن، نەک بەهۆی شیکردنەوەی ڕێزمانیی کەرەستەکان، یان بەهۆی هۆکارەکانی تەمومژی ڕێزمانییەوە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٨٢).**

### ٣-٢-١. هاوبێژی لە ئاستی مۆڕفۆلۆجیدا :-

**بریتییە لە دوو مۆڕفیم یان دوو وشە یان زیاتر لە دوو وشە، کە یەک سیمایان هەبێت، بەڵام واتاکانیان جیاواز بێت و هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نەبێت. بەم شێوەیە:**

**- هاوبێژی لە مۆڕفیمی بەنددا. وەک:**

**مۆڕفیمی (ە) ئەم واتایانە دەگەیەنێت:**

**١- ئامرازی خستنە سەرە، بۆ خستنە سەری دیارخەر بۆ سەر دیارخراو (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩: ٢٣٢). وەک:**

**گوڵ + ە + باخ ← گوڵە باخ**

**کچ + ە + کورد ← کچە کورد**

**٢- ئامرازی بانگهێشتنە. وەک:**

**کاکە ، دایکە ، باوکە ، خاڵە**

**٣- نیشانەی ناسیاوییە. وەک:**

**کوڕە هات و سەلامی نەکرد.**

**٤- جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک، ئەگەر لەگەڵ کرداری داخوازیدا هات. وەک:**

**دانیشە ، بنووسە ، مەوەستە ، مەفرۆشە**

**٥- کرداری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا. وەک:**

**- کچەکە زیرەکە.**

**- شارەکە گەورەیە.**

**- کوڕەکەباشە.**

- هاوبێژی لە ناودا. وەك:

کۆڵ

باری پشت | کەسێك دەستی کۆڵ بێت

پەڕ

پەڕی باڵندە | پەڕی دەفتەر

- هاوبێژی لە ئاوەڵناودا. وەك:

خڕ


بازنەیی | خڕی ئاو

- هاوبێژی لە ئاوەڵکرداردا. وەك:

ناو

ناوی شت | ناواخن

- **هاوبێژی لە کرداردا. وەك:**




**٣-٢-٢. فرەواتایی لە ئاستی مۆڕفۆلۆجیدا:-**

**بریتییە لەو مۆڕفیم و وشانەی دوو واتای جیاواز یان زیاتر لە دوو واتا دەگەیەنن. بە مەرجێك پەیوەندییەك لە نێوان واتاکاندا هەبێت. بەم شێوەیە:**

- **فرەواتایی لە مۆڕفیمی بەنددا. وەك:**

**مۆڕفیمی وشە گۆڕی (دە)، کە ئەم واتایانە دەگەیەنێت:**


**١- نیشانەی کاتی ڕابردووی بەردەوام. وەك:**


**(دەمنووسی ، دەچوو ، دەی فرۆشت).**

**٢- نیشانەی کاتی ڕانەبردوو. وەك:**


**(دەچێنم ، دەهێنێت ، دەڕوات).**

- **فرەواتایی لە ناودا. وەك:**





- فرەواتایی لە ئاوەڵناودا. وەك:




- فرەواتایی لە ئاوەڵکرداردا. وەك:




- فرەواتایی لە کرداردا. وەك:




## ٣-٣. تەمومژی ئاستی سینتاکسی:-

بریتییە لەو فرێز و ڕستانەی کە لە واتایەك زیاتر دەبەخشن، کە بەهۆی بوونی وشەی هاوبێژ و فرەواتاوە دەبێت، یان بە هۆی واتای گشتی فرێز و ڕستەکانەوە دەبێت. دیارە ئەمەش لە ئەنجامی ((هەبوونی دوو پەیوەندی جیاواز لە نێوان بەشەکانی ڕستە لە بنجدا و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە سیمادا)) (وریا عمر، ١٩٩٥: ٦٧) ڕوودەدات. لاینز سەبارەت بە تەمومژی سینتاکسی دەڵێت: ((تەمومژی سینتاکسی ئەوەیە، کە ڕستەیەك بە پێی سیستەمی بەرهەمهێنان کەرەستەکانی ڕیز کرابێت لە ئاستی شیکردنەوەی ڕێزمانیدا و زیاتر لە ڕۆنانێکی ژێرەوەی هەبێت)) (Lyonz, ١٩٧٧:٤٠٦). بۆ نموونە:

- کچ و کوڕێکی دکتۆر پێکەوە دەدوێن.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە ئەم بنجانەی هەیە:

١- کچێك لەگەڵ کوڕێکدا، کە دکتۆرە پێکەوە دەدوێن.


٢- کچێك لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانی دکتۆر پێکەوە دەدوێن.

٣- کچ و کوڕێك، کە هەردووکیان دکتۆرن پێکەوە دەدوێن.


٤- لە منداڵەکانی دکتۆر کچ و کوڕێکیان پێکەوە دەدوێن.

ئاشکرایە کە تەمومژی ئەو ڕستەیە بە هۆی وشەیەکەوە نەبووە، کە لە واتایەك زیاتر بگەیەنێت، بەڵکو بە هۆی پەیوەندییەکەوەیە، کە لە نێوان بەشەکانی ئەو ڕستەیەدا هەیەو بووەتە هۆی ئەوەی چەند بنجێك بۆ ئەو ڕستەیە پێك بهێنێت (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٨٣).

- تەمومژی لە فرێزدا. وەك:





- تەمومژی لە ڕستەدا. وەك:




**٣-٣-١. هاوبێژی لە ئاستی سینتاکسدا:-**


بریتییە لە دوو فرێز یان دوو ڕستە یان زیاتر، کە یەك فۆڕمیان هەبێت، بەڵام دوو واتای جیاواز بگەیەنن بێ ئەوەی پەیوەندییەك لە نێوان واتاکاندا هەبێت. بەم شێوەیە:

- هاوبێژی لە فرێزدا. وەك:





- هاوبێژی لە ڕستەدا. وەك:

ڕستەی: (ڕووتم پیشاندە). ئەو ڕستەیە دوو ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە، کە لەم دوو هێڵکاریەدا ڕوونی دەکەینەوە. بەم شێوەیە:




ڕووی خۆتم پیشاندە.

بەم شێوەیە ئەو ڕۆنانەی ڕستەکە دەبێتە (ڕووی خۆتم پیشاندە). واتە ڕوخسارتم پیشاندە.





ڕووت (هەژار)م پیشاندە

لەم هێڵكاریەی سەرەوەدا دەردەكەوێت، كە ڕۆنانی دووەمی ڕستەكە دەبێت بە (مرۆڤی هەژارم پیشاندە).

### ٣-٣-٢. فرەواتـایی لە ئـاستی سینتـاكسدا :-

بریتییە لەو فرێز و ڕستانەی كە لە واتایەك زیاتر دەگەیەنن و پەیوەندییەك لە نێوان واتاكانیاندا هەیە. بەم شێوەیە:

- فرەواتـایی لە فرێزدا. وەك:



**تاڵاو چەشتن**

**شتی تاڵ خواردنەوە** | **ناخۆشی و ناڕەحەتی بینین**

**- فرەواتایی لە ڕستەدا. وەك:**

**باوەشی بۆ کردەوە**

**لە ئامێزی گرت.** | **یارمەتی داو گرتییە خۆی.**

**پشتیان گرت**

**گەمارۆیاندا.** | **یارمەتییان دا.** | **بە دەست پشتی کەسێکیان گرت.**

# بەشی چوارەم

## ڕێگاکانی ڕەواندنەوەی تەمومژی

- دەوروبەری بەکارهێنان.
- هێز.
- ئاوازە.
- هاوواتایی.
- ڕێگای گروپ گروپ کردن لە کەوانەدا.
- ڕێگای یارمەتیدەری دەوروبەر.

## بەشی چوارەم

### ٤. ڕێگاکانی ڕەواندنەوەی تەمومژی.

تەمومژی لە زماندا بە چەند ڕێگەیەك دەڕەوێتەوە، واتە کەرەستە تەمومژەکانی زمان چ وشە بن، یان ڕستە بن، بە یەکێك لەم ڕێگایانە ڕوون دەبنەوە:

### ٤- ١. دەوروبەر ( سیاق )ی بەکارهێنان:- Context

دەوروبەر (سیاق):- بریتییە لە چوارچێوەی بەکارهێنان، کە تێیدا واتای وشە و فرێز و ڕستە و چۆنیەتی بەکارهێنان و ئەو ئەرکەی بەجێی دەهێنێت ڕوون دەبێتەوە (أحمد مختار، ١٩٨٢: ٦٨).

لیچ دەڵێت: ((دەوروبەر (سیاق) بریتییە لە هەر زانیاریەکی پێشینە، کە دەکرێت هاوبەش بێت لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، کە یارمەتی گوێگر دەدات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی قسەکەر لە هەر دەربڕینێکی دیاریکراودا)) (Leech, ١٩٨٣: ١٣).

بەپێی بۆچوونەکانی (لیچ) دەوروبەر (سیاق) ئەوە دەگرێتەوە، کە هەموو ئەو زانیاریانەی، کە وەکو خاڵێکی جەمسەردار لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بوونیان هەیەو دەبنە هۆکار بۆ یارمەتیدانی گوێگر سەبارەت بەو واتا و مەبەستانەی کە قسەکەر مەبەستییەتی لە دەربڕینە دیاریکراوەکانی خۆیدا بیگەیەنێت.

کریستاڵ دەڵێت: دەوروبەر (سیاق) بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی کە بەشێوەیەکی سیمانتیکییانە فۆڕم و واتا و گونجاندنی ئاخاوتن دیاری دەکەن (Crystal, ١٩٩٢: ٧٩).

هەدسۆن دەڵێت: بەبێ دەوروبەر (سیاق) فۆرمی زمانی بەتەنها ناتوانێت شیکردنەوەی ئەو هەموو واتایانە بکات کە ئێمە لە زماندا بەدەستی دێنین (Hudson, ٢٠٠٠: ٣١٢).

سازان رضا دەڵێت: وشە لە دەوروبەردا یەك واتای هەیە، لەو واتایەش زیاتر دەرنابڕێت (سازان رضا، ٢٠٠٥: ٦٥).

کلود جرمان و ریمون لبلان دەڵێن: ((ئەوەی کە نرخی وشە دیاری دەکات دەوروبەر (سیاق)ە، هەرکاتێك وشەیەك بەکاردەهێنرێت واتایەکی بۆ دیاری دەکرێت کە دیاریکردنێکی کاتییە، کە خودی دەوروبەر (سیاق)ەکەیە یەك واتا دیاری دەکات بۆ وشەکە سەرەڕای ئەو واتا زۆر و جۆراوجۆرانەی کە لە خۆی دەگرێت)) (کلود جرمان و ریمون لبلان، ٢٠٠٦: ٩٦).

تیۆری دەوروبەر (سیاق) لە قوتابخانەی زمانەوانی لەندەندا پەیدا بوو، دواتریش قوتابخانەکە بە قوتابخانەی دەوروبەر (سیاق) ناسرا.

دامەزرێنەری تیۆری دەوروبەر (سیاق) (فیرث) بووە، ئینجا هەریەك لە زانایان (هالیدای – Halliday) و (شنکلەر – Shinclar) و (میتجل – Mitchell) و (لاینز – Lyons) ڕۆڵی کاریگەریان لە پێشخستنی ئەو تیۆرەدا بینیوە (دارا حەمید، ٢٠٠٦: ٣١).

داهێنەرانی تیۆری دەوروبەر (سیاق) لە ڕوونکردنەوەی بۆ چوونەکەیاندا دەڵێن: ((گەلێك لە یەکە واتادارەکانی زمان هاوشانی یەکەی واتایی تر دێن. لێکدانەوەی واتای ئەو یەکە زمانییانە بەبێ تێبینی کردنی یەکە واتاییەکانی تەنیشتیان ناکرێن (احمد مختار، ١٩٨٢: ٦٨).

بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەی سەرەوە نموونەیەك دەهێنینەوە: وشەی (دار) واتای (درەخت) دەگەیەنێت، وەك هێمایەك وێنەی (درەخت) لە مێشکی گوێگردا دەچەسپێنێت، وەك ئاماژەیەکیش (درەخت) دەستنیشان دەکات و پیشاندەدات، بەڵام بە ناساندن و ئاماژە بۆکردنی ئەو پیشاندراوە کە(دار)ە هەموو واتاکانی ڕوون نابێتەوە، چونکە دەوروبەری بەکارهێنان توانستی بەدەستهێنانی چەندین واتای تری هەیە لە وشەی (دار)دا، کە جیایە لە واتای بنەڕەتی ئەو وشەیە. وەك:

١– دارێکم لە کچەکە دا. (دار) واتە (داردەست – کوتەك).

٢– داریٚ خویٚ بە چەند. (دار) واتە (ڕیەی خویٚ پێوان).

٣– لە پایزدا گەڵای دار دەوەرێت. (دار) واتە (درەخت).

٤– داری بە ڕوحی دادا. (دار) واتە (ئازاردان – زەبر پێگەیاندن).

٥– نەوزاد لە دار درا. (دار) واتە (کوشتن – لەسێدارەدان).

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئاشکرا دیارە کە وشەی (دار) چەند واتا و مەبەستێکی گەیاندووە، بەپێی بەکارهێنان، هەروەها بە پێی ئەو وشەو زاراوانەی کە لەگەڵیدان و هاوشانی هاتوون، هیچ کاتێك نەدەکرا بەبێ ئەو شوێن و بەبێ ئەو وشانەی کە لەگەڵیدا هاتوون ئەو مەبەست و واتایانە بگەیەنێت. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە مەرج نییە بەپێی ئاماژە و دەستنیشانکردنی پیشاندراوێك هەموو واتاکانی ڕوون بێتەوە، بەڵکو ئەوەی دەور دەبینێت لە دیاریکردنی واتا و مەبەستەکانی وشەدا دەوروبەری بەکارهێنانە.

### ٤-١-١. جۆرەکانی دەوروبەر ( سیاق ):–

بە پێی ڕاوبۆچوونی زمانەوانانی قوتابخانەی دەوروبەر (سیاق) چوار جۆرە دەوروبەر (سیاق) هەیە. کە ئەمانەن:

١– دەوروبەر (سیاق)ی زمانی ....................... Linguistics Context

٢– دەوروبەر (سیاق)ی شوێن ....................... Situational Context

٣– دەوروبەر (سیاق)ی سۆزو خۆشەویستی ........... Emotional Context

٤- دەوروبەر (سیاق)ی شێوازو ڕۆشنبیری ..............Culataral Context (احمد مختار، ١٩٨٢: ٦٩).

١- واتای وشە لە دەوروبەر (سیاق)ی زمانیدا بە پێی بەکارهێنانی لەگەڵ یەکە زمانییە جیاوازەکاندا ڕوون دەبێتەوە. بۆ نموونە: وشەی (باش) ئەگەر لەگەڵ چەند وشەیەکی جیاوازی وەك: (پیاو، پارە، مامۆستا)دا بەکاربهێنین واتاکانی دەگۆڕێت. وەك:

أ- پیاوی باش. (باش) واتە (ڕەوشت جوان - بێوەی).

ب- پارەیەکی باش. (باش) واتە (زۆر).

ج- مامۆستایەکی باش. (باش) واتە (لێهاتوو - شارەزا).

٢- واتای وشە لە دەوروبەر (سیاق)ی شوێنیدا بەپێی شوێنی وشەکە ڕوون دەبێتەوە. وەك:

أ- شنۆ لە بازاڕ هاتەوە.

ب- شنۆ هاتەوە لە بازاڕ! ؟

لە ڕستەی یەکەمدا، کە ڕستەیەکی ڕاگەیاندنە، هێز خراوەتە سەر (شنۆ) لەبەر ئەوە لەو ڕستەیەدا زیاتر (شنۆ) مەبەستە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، هێز خراوەتە سەر هاتنەوەی (شنۆ)، وەك ئەوەی ڕوودانی کارەکە ئاماژەیەکی پرسکردن، یان سەرسوڕمانی تێدابێت، کە ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕینی شوێنی وشەی (هاتەوە) و گۆڕینی شوێنی بەکارهێنانی هێز ڕوویداوە.

٣- واتای وشە لە دەوروبەر (سیاق)ی سۆز و خۆشەویستیدا، زیاتر بەمەبەستی دەربڕینی بارودۆخی هەڵچوون و بەتوانایی و لاوازییە. وەك: وشەکانی (خۆشەویستی) و (حەزلێکردن) لە بواری خۆشەویستیدا. ئەم دوو وشەیە هاوواتان، بەڵام لە دەوروبەری بەکارهێناندا دەردەکەوێت، کە هاوواتا ئاسا بن، یان جیاواز بن. وەك:

أ- ئەو کچەم خۆشدەوێت. (خۆشویستن) = + خۆشەویستی + دڵداری.

ب- حەز لەو کچە دەکەم. (حەزلێکردن) = ± خۆشەویستی + ڕابواردن.

٤- واتای وشە لە دەوروبەر (سیاق)ی شێواز و ڕۆشنبیری، بەپێی کەس و باری دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی کە دەربڕینەکانی تێدا بەکاردێت ڕوون دەبێتەوە، واتە وشە و ڕستەکان پەیوەست دەبن بە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی قسەکەرەوە، چونکە ئاخاوتنی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژینگەکەی دەبێت. بۆ نموونە: وشەی (ژن) بەپێی بەکارهێنانی بە شێوازی جیاواز چینەکانی کۆمەڵ دەستنیشان دەکات.

- ژنی جوتیارەکە کارەکەری ماڵی ئاغا بوو.

بەکارهێنانی وشەی (ژن) زیاتر ئاماژەیە بۆ چینێکی هەژار و مام ناوەندی کۆمەڵ.

- خانمی وەسمان پاشای جاف.

(خانم) کە بەواتای (ژن) دێت ئاماژەیە بۆ چینێکی پایە بەرزی کۆمەڵ. هەروەها ئاخاوتنی سیاسەتمەدارانی پایەدار و ڕۆشنبیران و ئەدیب و نووسەران، جیاوازە لەگەڵ ئاخاوتنی خەڵکانی تر.

هەندێ جار لەوانەیە دەربڕینێك شتێك بگەیەنێت و لەوانەشە دژەکەی بگەیەنێت (بتول قاسم، ١٩٩٩: ٤٢). ئێمە بەپێی دەوروبەر (سیاق)ەکە دەزانین کام واتایە مەبەستە. ئەگەر نا لە دەرەوەی دەوروبەر (سیاق) ئەو دوو دژواتایە تەمومژی دروستدەکات. بۆ نموونە:

- بەڕاستی چاکەی لەگەڵ کردم.

ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە.

١- چاکە بەڕاستی.

٢- چاکە (بەتەوسەوە) واتە خراپە.

بۆیە دەبینین زمانەوانەکان واتای فەرهەنگی وشە، بە هەڵگری زیاتر لەواتایەك دادەنێن (علي زوين، ١٩٨٦: ١٨٥).

دەوروبەر (سیاق) هەندێك زانیاری دەبەخشێت، کە قسەکەر هەندێك جار ئەو زانیارییانە لە ئاخاوتندا لا دەبات (Leech, ١٩٧٥: ٧٧). ئەوەی شارەزایی تەواوی دەربارەی دەوروبەر (سیاق)ەکە نەبێت، زۆر بە گرانی لەو چەند وشە ونبوانە دەگات. بۆ نموونە: کاتێك قسەکەر بە بەرامبەرەکەی دەڵێت:

- شێرزاد و گیراوەکەم بۆ بێنە.

گیراوەکە: لەوانەیە وەکو:

١- ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو + مۆرفیمی ناوەڵناوی کراو (عبدالله حسین، ١٩٩٥: ١٤٧).

گیراو + ەکە (نیشانەی ناسیاوی).

چاوگی ئەم پێکهێنەرەی سەرەوە (گیران)ە.

٢- گیراوە لە چاوگی (گیرانەوە) وەرگیراوە. گیران + پاشگری (- ەوە). گیرا + (- ەوە) = گیراوە، بەرهەمی کاری گرتنەوەیە.

کەواتە واتای یەکەم (گیراو + ەکە) واتە دیلەکەم بۆ بێنە، واتای دووەمیش (گیراوە + کە) واتە دەرمانە گیراوەکەم بۆ بێنە.

**دەورووبەر (سیاق)ی بەکارهێنان یەکێکە لە ڕێگا سەرەکیەکانی نەهێشتنی تەمومژی لە زماندا، کە تەمومژییەکە لە وشە و فرێز و ڕستەدا ناهێڵێت. بەم شێوەیە:**

**١- ڕەوینەوەی تەمومژی لەوشەدا. وەك:**

**پێکەنین**

**(چاوگ) پێکەنین خۆشە.** | **(پێکەنی + ن) ئێوە پێکەنین.** | **(پێکەنی + ن) ئەوان پێکەنین.**

**ئاشکرایە کە وشەی (پێکەنین) سێ لێکدانەوەی هەیە، بەڵام ئەو واتایانەی، کە لە وشەی (پێکەنین)دا هەیە، تەمومژی دروست کردووە، ئەم تەمومژییە لە دەورووبەر (سیاق)ی بەکارهێناندا دەڕەوێتەوە و نامێنیت. وەك: لە هێڵکاریەکەی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە.**

**٢- ڕەوینەوەی تەمومژی لە فرێزدا. وەك:**

**دڵی گەورە**

**دڵی مرۆڤی بە تەمەن** | **بە سەبر و ئارام** | **دڵی مرڤی پایەدار**

**ئەم فرێزەی سەرەوە سێ ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە، وەك لە هێڵکاریەکەدا دیارە، کە دەبێتە هۆی تەمومژاوی بوونی ئەو فرێزە، بەڵام ئەو تەمومژییە لەڕێی بەکارهێنانەوە لە ڕستە و دەقدا دەکرێت بڕەوێتەوە. وەك:**

**أ- دڵی گەورە لە دڵی منداڵ زیاتر لێدەدات (دڵی مرۆڤی بە تەمەن).**

**ب- دایك دڵی زۆر گەورەیە (بە سەبر و ئارام).**

**ج- دڵی گەورە بە بەزەییە بەرامبەر بە میللەت (دڵی مرۆڤی پایەدار).**

٣- ڕەوینەوەی تەمومژی لە ڕستەدا. وەك:

- نەچی دوا دەکەویت.

ئەم مەبەستانە دەگەیەنێت:

أ- ئەگەر نەچی دوا دەکەویت.

ب- ئەگەر بچی دوا دەکەویت.

نەهێشتنی تەمومژی ڕستەی (نەچی دوا دەکەویت) بە زانینی مەبەستی ڕستەکە دەبێت، زانینی مەبەستی ڕستەکەش بەهۆی ئاوازەی دەربڕینی ڕستەکەوە ڕوون دەبێتەوە، چونکە ئەگەر:

١- دوای وشەی (نەچی) وەستانێك ڕوویدا و بڕگەی کۆتایی وشەی (دوادەکەویت) بەرزبوونەوەی دەنگی تێدا بوو، ئەوا مەبەست لە ڕستەی یەکەمە، واتە (ئەگەر نەچی دوا دەکەویت).

٢- دوای وشەی (نەچی) وەستان نەبوو، هەروەها دەربڕینی بڕگەی کۆتایی وشەی (دوا دەکەویت) نزمبوونەوەیەکی بەرچاوی پێوە دیار بوو، ئەوا مەبەست لە ڕستەی دووەمە، واتە (ئەگەر بچی دوا دەکەویت).

## ٤-٢. **هێز** :- Stress

هێز: زیادە وزەیەکی دەنگییە دەخرێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە یان ڕستە. واتە ئەو وشەیە یان ئەو ڕستەیەی کە لە بڕگەیەك یان چەند بڕگەیەك پێك دێت، بڕگەیەکیان هێزی دەکەوێتە سەرو بە گۆڕینی شوێنی ئەو هێزە لەو بڕگەیەوە بۆ بڕگەیەکی تری ئەو وشەیە یان ئەو ڕستەیە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە یان ئەو ڕستەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠٠٩: ٢٤٥). واتە گۆڕینی شوێنی هێز لە زمانی کوردیدا دوو گۆڕانی لێدەکەوێتەوە، لە لایەك واتای وشەکە دەگۆڕێت لە لایەکی تریشەوە تەنها لە ئاخاوتن هەست بە گۆڕینی شوێنی هێز دەکرێت و لە نووسین هەستی پێناکرێت.

لە زماندا هێز هیچ وێنەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، بەڵام خاوەن زمان بە ئاسانی و بەبێ گیروگرفت بەکاری دەهێنێت، لەو شوێنەش بەکاری دەهێنێت کە پێویستە بەکاربهێنرێت. ئەم دیاردەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی هێز دەبێت و دەبێتە بەشێك لەو دەستورانەی کە مرۆڤ فێریان دەبێت و لە دوایدا بە کاریان دەهێنێت (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٤٨).

ئەگەر بێتو هێز لە وشە دوور بخرێتەوە ئەوا نازانرێت کام واتا لەو وشەیەدا مەبەستە، بەمەش تەمومژی دروستدەکات. واتە کاتێك هێز لە وشە لابدرێت ئەوا تەمومژی دروست دەبێت بە گەڕاندنەوەی هێز بۆ وشە تەمومژی دەڕەوێتەوە. بۆ نموونە:

- تەڕە: بەپێی شوێنی هێزەکەی دوو واتای جیاوازی هەیە:

١- تەڕە: بە ئاوە.

٢- تەڕە: سەوزەی خواردن.

- وەستان: دوو واتای جیاوازی هەیە.

١- وەستان: ڕاوەستان.

٢- وەستان: وەستای کارکردنن.

نووستن: بەپێی شوێنی هێزەکەی دوو واتای هەیە.

١- نووستن: ئەوان نووستن.

٢- نووستن: خەوتن (چاوگ).

لەم سێ نموونەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە هەر یەکێك لەو وشانە زیاتر لە واتایەکی هەیە بەپێی گۆڕینی شوێنی هێزەکان. لە وشەی (تەڕە)، ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا بە واتای (بەئاوە) دێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم ئەوا بە واتای (سەوزەی خواردن) دێت. لە وشەی (وەستان)، ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا بە واتای (ڕاوەستان) دێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی ئەوا بە واتای (وەستای کارکردن) دێت. لە وشەی (نووستن)، ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا بە واتای (ئەوان نووستن) دێت، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم ئەوا وەکو چاوگ بەکاردێت وەکو ئەوەی بڵێی (نووستن خۆشە).

### ٤-٢-١. هێز وەك نیشانەی کات:-

- درەختەکە سەوز بوو.


ئەگەر سەیری ئەو ڕستەیە بکەین دەبینین لە ڕووی کاتەوە دوو واتای جیاوازی هەیە:

١- ئەگەر هێز کەوتە سەر وشەی (بوو) ئەوە دەگەیەنێت، کە درەختەکە ئێستا سەوزەو لە ڕابردوودا سەوز نەبووە.

٢- ئەگەر هێز کەوتە سەر وشەی (سەوز) ئەوە دەگەیەنێت، کە درەختەکە لە ڕابردوودا سەوز بووەو ئێستا سەوز نییە.


هۆی ئەو جیاوازییەش بۆ سروشتی پەیوەندی نێوان وشەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەکەدا دەگەڕێتەوە. بۆ واتای یەکەم، کە دەڵێت درەختەکە ئێستا سەوزە و لە ڕابردوودا سەوز نەبووە ڕستەکە لە دوو بەش پێك دێت (درەختەکە + سەوز بوو) وشەی (سەوز بوو) وشەیەکی لێکدراوە لە (سەوز + بوو) پێکهاتووە. (بوو) پاشگرێکی مۆرفۆلۆجییە چۆتە سەر وشەی (سەوز) کە ئاوەڵناوە و کردارێکی تێنەپەڕی لێکدراوی پێکهێناوە (وریا عمر، ٢٠٠٩: ٢٨٧). وشەی سەوز هێزی خۆی لەدەستداوەو هێزەکە چۆتە سەر وشەی (بوو) کە بۆتە دوا بڕگەی وشە لێکدراوەکە، چونکە لە زمانی کوردیدا هێز دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی هەر وشەیەك.

پەیوەندی ڕستەیی نێوان وشەکانی ئەم ڕستەیە بەم جۆرەیە:




بۆ واتای دووەم، کە دەڵێت درەختەکە لە ڕابردوودا سەوز بووەو ئێستا سەوز نییە ڕستەکە لە سێ وشە پێکدێت (درەختەکە + سەوز + بوو) لێرەدا وشەکانی (سەوز) و (بوو) هەر یەکەیان وشەیەکی سەربەخۆیەو ئەرکی سینتاکسی خۆی هەیە. (سەوز) تەواوکەری (بوو)ە لەبەر ئەمەشە وەکو وشەیەکی سەربەخۆ هێزەکەی پاراستووە.

پەیوەندی ڕستەیی نێوان وشەکانی ئەم ڕستەیە بەم جۆرەیە:



- پەتەکە شل بوو.


ئەم ڕستەیەش لە ڕووی کاتەوە دوو واتای هەیە:

١- ئەگەر هێز بکەوێتە سەر وشەی (بوو) ئەوە دەگەیەنێت کە (پەتەکە) ئێستا (شل)ەو لە ڕابردوودا (شل) نەبووە.


٢- ئەگەر هێز بکەوێتە سەر وشەی (شل) ئەوە دەگەیەنێت کە (پەتەکە) لە ڕابردوودا (شل) بووەو ئێستا (شل) نییە.

پەیوەندی ڕستەیی نێوان وشەکانیش بەم جۆرەیە:

بۆ واتای یەکەم ڕستەکە لە دوو بەش پێکدێت. بەم شێوەیە:




بۆ واتای دووەم ڕستەکە لە سێ وشە پێکدێت. بەم شێوەیە:



- كچەكە شوشەكەی شكاند.

بەپێی گۆڕینی شوێنی هێز لەسەر وشەكانی ئەم ڕستەیە واتای ڕستەكەش دەگۆڕێت، ئەگەر هێز بچێتە سەر ناوی (كچەكە) ئەوە دەگەیەنێت، كە (كچەكە) شوشەكەی شكاندووەو كەسێكی تر نەیشكاندووە، بەڵام ئەگەر هێزەكە بگوازرێتەوە بۆ سەر وشەی (شوشەكە) واتە جەخت لەسەر شكاندنی (شوشەكە) دەكات، واتە (كچەكە) جگە لە شوشەكە هیچ شتێكی تری نەشكاندووە. ئەگەر هێزەكە بگوازرێتەوە بۆ سەر وشەی (شكاند) ئەوە دەگەیەنێت كە ڕووداوەكە، كە شكاندنی شوشەكەیە گومانی تێدا نییەو ڕوویداوە (پەروین عوسمان، ٢٠٠٩: ١٦٢). بەم شێوەیە شوێنی هێز لەسەر وشەكانی ڕستەی (كچەكە شوشەكەی شكاند.) دیاری دەكەین:

- كچەكە/ شوشەكەی شكاند.
- كچەكە شوشەكە/ی شكاند.
- كچەكە شوشەكەی شك/اند.

## ٤-٣. ئاوازە:- Intonation

ئاوازە فۆنیمێكی ناكەرتییە دەوری لە گۆڕینی واتادا هەیە، بەهۆی لەرینەوەی دەنگە ژێكانەوەو بەپێی ئەو هەڵسوكەوت و هەستان و دابەزینەی كە لەكاتی قسەكردندا هەیەتی دەگۆڕێت كەواتە ((پێناسەیەكی تەواو و بێ كەم و كورتی فۆنیمە ناكەرتییەكان بە گشتی و ئاوازە بە تایبەتی كارێكی ئاسان نییە، ئەمەش، لەبەر ئەوەی ئاوازە وەك یەكەیەكی ناكەرتی پەیوەندی بە ئاستەكانی ترەوە هەیە. ئاوازە چەندین ئەرك لە زماندا بەجێدەهێنێت، ئەو هەموو پێوەندی و ئەركە جیاوازانە و چڕكردنەوەیان لە پێناسەیەكدا زەحمەت ئەنجام دەدرێت)) (ڕەحمان ئیسماعیل، ١٩٩٨: ١١٢).

ڕۆڵی ئاوازە تەواوكەری ڕۆڵی كەرەستە ناكەرتییەكانی ترە، ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت بە تەواوكەری و هاوكاری لەگەڵ هێزدا، چونكە هێز بەرزی یان جەختێك بە بڕگەی وشەیەك دەدات، بەمەش دەبێتە هۆی هاریكاری بۆ ئاوازە و هاوبەش دەبێت لەگەڵ هۆكارەكانی تری وەك سروشتی دەنگەكەو ڕۆنانی پێكهاتەكان و مەبەست و ڕوخسار و ناوەرۆكی دەربڕینەكان (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٧٧).

ئاوازە بریتییە لەوەستان لە نێوان وشەكانی ڕستەیەك (Akarajan, ١٩٩٥: ٢٢٨)، ئەو وەستانەش لە نێوان وشەكاندا تەمومژی ناهێڵێت. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- نەڕۆی دەتكوژم.

ئەم ڕستەیە دوو واتای دژبەیەكی هەیە.

١- ئەگەر نەڕۆی دەتکوژم.

٢- ئەگەر بڕۆی دەتکوژم.

ئەگەر بێتو لە نێوان (نەڕۆی) و (دەتکوژم) وەستان هەبێت، تەمومژییەکە نامێنێت و ڕستەکە تەنها واتای (ئەگەر بڕۆی دەتکوژم دەگەیەنێت) (وریا عمر، ٢٠٠٩: ٩٠).

- شیلان دوێنێ هات.

بەپێی ئاوازەکەی چەندین واتای جیاواز دەبەخشێت.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر هەموو وشەکانی ئەم ڕستەیە وەك یەك بوو، ئەوا ڕستەکە واتای (هەواڵگەیاندن) دەگەیەنێت.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (شیلان) زیاد کرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی ئەو ڕستەیەی کە دەپرسێت (کێ دوێنێ هات)؟ کە واتا و مەبەستێکی جیا لەوەی سەرەوە دەگەیەنێت.

شیلان دوێنێ هات.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (دوێنێ) زیاد کرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت (شیلان کەی هات)؟

شیلان دوێنێ هات.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (هات) زیاد کرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت (شیلان دوێنێ چی کرد)؟

شیلان دوێنێ هات.

ئەگەر هاتوو خێرایی زیاتر لەوەی سەرەوە خرایە سەر هەریەك لە وشەکانی (شیلان) و (دوێنێ) و (هات)، ڕستەکە دەبێتە پرسیار + دووپاتکردنەوە (تأکید).

- شیلان دوێنێ هات؟ بەڵێ شیلان هات.

لێرەدا مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر وشەی (شیلان)، واتە (شیلان) هاتووە نەك کەسێکی تر.

- شیلان دوێنێ هات؟ بەڵێ دوێنێ هات.

لێرەدا مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر وشەی (دوێنێ) نەك ڕۆژێکی تر.

شیلان دوێنێ هات؟           بەڵێ هات.

لێرەدا مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر هاتنەکە.

قسەکەری هەر زمانێك دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە چەمکی سەرسوڕمان و ڕەزایی و ناڕەزایی و گاڵتە پێکردن و ... هتد دەربڕێت و دەری بخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە، هەر ڕستەیەك دەیان واتاو مەبەستی جیاواز دەبەخشێت بەپێی ئاوازەکەی تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوەو باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازەی ڕستەکەوە دەزانرێ و ئاشکرا دەبێت.

## ٤-٣-١. ئاستەکانی پلەی ئاوازە:-

چوار ئاستی پلەی ئاوازە هەیە، کە بە چوار هێڵی ئاسۆیی دەخرێنە ڕوو، هەر هێڵێك ئاستێك دەنوێنێت، هێڵی (١) نزمترین ئاستە و هێڵی (٤) بەرزترین ئاستە (صباح رشید، ٢٠٠٠: ٥٠). بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-------------


٢-------------

٣-------------


٤-------------

ئەگەر چی ئاستی چوارەم، کە ئاستی هەرە بەرزە، لە حاڵەتی وەکو سەرسوڕمان نەبێت، زۆر بەکار نایەت. سێ ئاستەکەی تر زیاتر دەور دەبینن لە ئاوازەی ڕستەدا. بۆ نموونە:

- خۆشیم دەوێ.




ئەم ڕستەیە واتای (بەختیاریم دەوێ) دەگەیەنێت، بەپێی هێز و ئاوازەکەی.




ئەم ڕستەیە واتای (ئەویشم دەوێ) دەگەیەنێت.

**ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە بەهۆی هێز و ئاوازەوە واتاکانیان جیا دەکرێنەوە، ئەو ئەرکەی هێز و ئاوازە لە جیا کردنەوەی واتا جیاوازەکانی ڕستەیەك دەیبینێت، خوێنەر یان گوێگر لە گێژاوی ئەگەرە جیا جیاکانی واتای ڕستەکە ڕزگار دەکات، بە واتایەکی تر تەمومژی ڕستەکە دەڕەوێنێتەوە.**

## ٤-٤. هاوواتایی :– Synonymy

**ئەو وشە فۆرم جیاوازانە دەگرێتەوە، کە یەك واتایان هەیە، یان واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن و لە نووسین و دەربڕیندا جیاوازن.**

**هاوواتایی ڕێگەیەکە بۆ نەهێشتنی تەمومژی، چ تەمومژی فەرهەنگی، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی هاوبێژ و فرەواتاوە دروستدەبێت، چ تەمومژی سینتاکسی، کە لە ڕێگەی ڕۆنان و داڕشتنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە دروستدەبێت (شیروان حسین، ٢٠١٠: ٣٥).**

**بچوك = ورد**

**گەورە = درشت**

**پاك = خاوێن = پاکژ**

**گورە = گوندە = زل = زەبەلاح = کەتە = چوارشانە**

**ئەم وشانەی سەرەوە هاوواتان.**

**لە ئاستی ڕستەش هاوواتا دەتوانێت تەمومژی بڕەوێنێتەوە، وەك:**

**پێی لێنا = (پێی پێدانا ، وەسەری کەوت)**

**گیانی دەچوو = (کۆچی دوایی کرد ، بەر ڕەحمەتی خوا کەوت ، خوا بردیەوە بۆ لای خۆی)**

**ئەم ڕستانەش هاوواتان.**

**وشە هاوواتاکان، بە پێچەوانەی وشە فرەواتاکانەوە، بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە سودیان لێ دەبینرێت و تەمومژی سینتاکسی دروست ناکەن (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٩: ب١: ١١١).**

### ٤-٤-١. جۆرەکانی هاوواتایی:–

#### ٤-٤-١-١. هاوواتایی تەواو:

**بەلای زمانەوانانی ئاستی سینتاکسەوە ((هاوواتایی ئەو وشانەن، کە سەر بە یەك بەشی ئاخاوتنن (ناو، ئاوەڵناو، کردار ....هتد) و دەتوانن بێ گۆڕانی واتای ڕستە جێی یەکتر بگرنەوە، بەڵام بەلای زانەوانانی ئاستی سیمانتیکەوە، دوو وشە و دەربڕین کاتێك هاوواتا دەبن، کە بتوانن جێی یەك بگرنەوە لە**

هەموو دەوروبەر (سیاق)ێکدا بێ کارکردنە سەر واتای ڕستە)) (احمد مختار، ١٩٨٢: ٢٢٣). هەروەها هەندێك لە زمانەوانانی بواری واتاناسی پێیان وایە، کە هاوواتایی تەواو لە زماندا زۆر دەگمەنە ((هاوواتایی تەواو هەرچەندە مەحاڵ نییە لە زماندا بەڵام زۆر کەمە، چونکە دیاردەکە بە ئاسانی لە زماندا نایەتە ئاراوە، ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەم دەبێت و بە زوویی جیاوازی لە نێوان وشەکاندا پەیدادەبێت)). (اولمان، ١٩٩٧: ١٢٠).

هەندێکی تر لە زمانەوانان چەند مەرجێك بۆ هاوواتایی تەواو دادەنێن، وەك:

١- ڕێککەوتنی تەواوی وشەکان لە واتادا: بەم پێیە پێویستە دوو وشەی هاوواتا زۆربەی قسەپێکەرانی یەك شێوەزار (زمان) لە واتای ئەو دوو وشەیە بگەن، بەڵام ئەگەر لە وشەیەکیان گەیشتن و لەوی تریان نەگەیشتن، ئەوا ئەو دوو وشەیە نابن بە هاوواتای تەواو، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی سەر بە زاری ناوەڕاست واتای وشەی (بەرز) بزانێت و لای ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام واتای وشەی (بڵند)ی لا ڕوون و ئاشکرا نەبێت، ئەوا ئەو دوو وشەیە نابن بە هاوواتا.

٢- وشە هاوواتاکان دەبێت سەر بەیەك سەردەم بن، واتە لە یەك کاتدا پەیدابووبن و بەکارهێنرابن. نابێت سەر بە دوو سەردەمی جیاوازی یەك زمان بن، چونکە وشە بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت و هەندێك واتا لە دەست دەدات و هەندێکی تر بە دەست دێنێت. وەك:

بووم = زەوی

ناڵە = گریان = فوغان

تەنگە = ناوقەد = کەمەر

## ٤- ٤- ١- ٢. هاوواتایی ناتەواو:

ئەو وشانەن، کە لە هەندێ شوێن و دەوروبەر (سیاق)دا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەتوانن جێی یەکتر بگرنەوە. ئەو وشانە هەرچەندە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا دەبن بە هاوواتا، بەڵام لەو شوێن و کاتانەدا بە جۆرێك لێك نزیك دەبنەوە، کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نابێت، تەنها پسپۆر و زمانەوانان دەتوانن واتاکانیان لێك جیا بکەنەوە، بۆیە لای زۆربەی خەڵك وەك هاوواتا سەیر دەکرێن. وەك:

وشەکانی (ئێش، ئازار، ژان)، کە لە ڕواڵەتدا لای زۆر کەس وەك هاوواتا سەیر دەکرێن، وەك لەم ڕستانەدا دیارە:

- سەرم دێشێت.
- سەرم ژان دەکات.
- سەرم ئازاری هەیە.

ئاشكرا دیاره وشەكانی (ئێش و ئازار و ژان) لەو ڕستانەدا وەك هاوواتا خۆیان دەنوێنن، بەڵام بە وردبوونەوەو بەكارهێنانیان لە دەوروبەری (سیاق)ی تردا دەردەكەوێت كە ئەو وشانە هاوواتایی تەواو نین بەڵكو هاوواتایی ناتەواون. وەك:

– ژنەكە ژان دەیگرێت.

– ژنەكە ئازار دەیگرێت.*

– ژنەكە ئێش دەیگرێت.*

لەبەرئەوەی ئەو وشانە لە هەندێك شوێندا ناتوانن جێی یەك بگرنەوە، كەواتە وەك هاوواتایی ناتەواو سەیر دەكرێن (طالب حسين، ٢٠٠٢، ٧٠). وەك:

چاك = باش

پیاوی چاك = پیاوی باش

سەر چاك كردن ≠ سەر باش كردن

هەروەها:

وێران = خاپوور

وڵاتی وێران = وڵاتی خاپوور

ماڵی وێران ≠ ماڵی خاپوور

### ٤- ٤- ١- ٣. هاوواتا ئاسا:

بریتییە لەو وشانەی كە واتاكانیان لێك نزیك دەبنەوە، بەڵام لە زۆر شوێن و دەوروبەر (سیاق)دا لێك جیا دەبنەوە، جیابوونەوەی ئەم هاوواتاییانە لە ئەنجامی ئەم هۆكارانەوە دەبێت:

١- بەكارهێنانی شێوازی جیاواز، وەك:

جەناب = تۆ

٢- هەندێك جار یەكێك لە وشە هاوواتاكان تەنها لە چەند فرێزێكی دیاریكراودا دەبێت بە هاوواتا لەگەڵ وشەكانی تردا. وەك:

خۆشاردنەوە = خۆمەڵاسدان

كوڕەكە خۆی شاردەوە = كوڕەكە خۆی مەڵاسدا

كوڕەكە كتێبەكەی شاردەوە = كوڕەكە كتێبەكەی مەڵاسدا*

### ٤-٥. ڕێگای گروپ گروپ کردن لە کەوانەدا :-

ئەم ڕێگایەش دەبێتە هۆی لا بردنی تەمومژی لە ڕستەدا. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- کچ و برا جوانەکەی هاتن.

٢- شیراز و زەیتوونی خوشکی چوون بۆ بازاڕ.

٣- باوکی کوژراوەکە و بکوژەکەی بینی.

هەریەك لە وشەکانی (جوان) و (خوشك) و (باوك) تەمومژییان دروست کردووە، چونکە تەواو ڕوون و ئاشکرا نییە، کە ئەم دیارخەرانە تەنها بۆ یەك ناو یان بۆ دوو ناو بەکار هاتوون، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕێگای گروپ گروپ کردن لە کەوانەدا بەکار بهێنین ئەوا تەمومژییەکە نامێنێت. بەم شێوەیە:

- (کچ) و (برا جوانەکەی) هاتن.

لەم ڕستەیەدا دیارخەری (جوان) تەنها بۆ (برا) بەکار هاتووە، واتە سیفەتی جوانی لەم ڕستەیەدا تەنها بۆ (براکەی) دەگەڕێتەوە.

- (کچە جوانەکە) و (برا جوانەکەی) هاتن.

لەم ڕستەیەدا دیارخەری (جوان) بۆ (کچەکە) و (براکەی) بەکار هاتووە، واتە سیفەتی جوانی لەم ڕستەیەدا بۆ (کچەکە) و (براکەی) دەگەڕێتەوە.

- (شیراز) و (زەیتونی خوشکی) چوون بۆ بازاڕ.

لەم ڕستەیەدا وشەی (خوشك) تەنها بۆ (زەیتون) بەکار هاتووە، واتە زەیتونی خوشکی لەگەڵ شیراز کە خوشکی نییە چوون بۆ بازاڕ.

- (شیرازی خوشکی) و (زەیتونی خوشکی) چوون بۆ بازاڕ.

لەم ڕستەیەدا وشەی (خوشك) بۆ (شیراز) و (زەیتون) بەکار هاتووە، واتە شیرازی خوشکی و زەیتونی خوشکی چوون بۆ بازاڕ.

- (باوکی کوژراوەکە) و (بکوژەکە)ی بینی.

لەم ڕستەیەدا وشەی (باوك) تەنها بۆ (کوژراوەکە) بەکار هاتووە، واتە باوکی کوژراوەکەی بینیوە و باوکی بکوژەکەی نە بینیوە.

- (باوکی کوژراوەکە) و (باوکی بکوژەکە)ی بینی.

لەم ڕستەیەدا وشەی (باوك) بۆ (کوژراوەکە) و (بکوژەکە) بەکار هاتووە، واتە باوکی هەر دووکیان چ (کوژراوەکە) چ (بکوژەکە)ی بینیوە.

**٤-٦. ڕێگای پارمەتیدەری دەوروبەر (سیاق):-**

لەم ڕێگایەشدا بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ ئاوەڵکرداری کاتی دەتوانرێت تەمومژی بڕەوێتەوە (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٦: ١٦٢). بۆ نموونە:

- ئەو ناچێتە دەرەوە.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە ڕستەیەکی تەمومژاوییە، بە زیادکردنی ئاوەڵکرداری کاتی (شەوانە) و (هەر ئێستا) و (بەیانی)، تەمومژی ڕستەکە نامێنێت.

١- ئەو شەوانە ناچێتە دەرەوە.

٢- ئەو هەر ئێستا ناچێتە دەرەوە.

٣- ئەو بەیانی ناچێتە دەرەوە.

- شاناز ناخەوێت.

ئەم ڕستەیەش تەمومژاوییە، بە زیادکردنی ئاوەڵکرداری کاتی تەمومژییەکە دەڕەوێتەوە.

١- شاناز ئێستا ناخەوێت.

٢- شاناز ڕۆژانە ناخەوێت.

٣- شاناز ئەمڕۆ ناخەوێت.

- ئازاد دەچێت سەیارە دەکڕێت.

تەمومژی ئەم ڕستەیە بە زیادکردنی ئاوەڵکرداری کاتی دەڕەوێتەوە.

١- ئازاد ئێستا دەچێت سەیارە دەکڕێت.

٢- ئازاد ئەمڕۆ دەچێت سەیارە دەکڕێت.

٣- ئازاد بەیانی دەچێت سەیارە دەکڕێت.

- دزەکە گیرا.

تەمومژی ئەم ڕستەیەش، بەهۆی زیادکردنی ئاوەڵکرداری کاتی دەڕەوێتەوە.

١- دزەکە هەر ئێستا گیرا.

٢- دزەکە ئەمشەو گیرا.

٣- دزەکە هەفتەی ڕابردوو گیرا.

## ئەنجام

١- ئەوەی لە دیاردەی تەمومژیدا بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە تەمومژی لە زماندا ساتە وەختییە و لە دەوروبەر (سیاق)دا تەمومژییەکە دەڕەوێتەوە.

٢- تەمومژی دیاردەیەکی زمانییەو پەیدابوون و سەرهەڵدانی لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك یەکەو کەرەستەی زمانیی و ڕێزمانیی، کە زیاتر پەیوەندی بە کەرەستەی فەرهەنگییەوە هەیە، یان پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکان دروستی دەکەن.

٣- ڕێگا دیارو بەرچاوەکانی نەهێشتنی تەمومژی لە زماندا بریتین لە:

أ- دەوروبەری بەکارهێنان: ئەوەی کە نرخی وشە دیاری دەکات دەوروبەر (سیاق)ە، هەرکاتێك وشەیەك بەکاردەهێنرێت واتایەکی بۆ دیاری دەکرێت کە دیاریکردنێکی کاتییە، کە خودی دەوروبەر (سیاق)ەکەیە یەك واتا دیاری دەکات بۆ وشەکە سەرەڕای ئەو واتا زۆر و جۆراوجۆرانەی کە لە خۆی دەگرێت.

ب- هێز: ئەگەر بێتو هێز لە وشە دوور بخرێتەوە ئەوا نازانرێت کام واتا لەو وشەیەدا مەبەستە، بەمەش تەمومژی دروست دەکات. واتە کاتێك هێز لە وشە لابدرێت، ئەوا تەمومژی دروست دەبێت بە گەڕاندنەوەی هێز بۆ وشەکە تەمومژییەکە دەڕەوێتەوە.

پ- ئاوازە: ڕۆڵی ئاوازە تەواوکەری ڕۆڵی کەرەستە ناکەرتییەکانی ترە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بە تەواوکەری و هاوکاری لەگەڵ هێزدا، چونکە هێز بەرزی یان جەختێك بە برگەی وشەیەك دەدات، بەمەش دەبێتە هۆی هاریکاری بۆ ئاوازە و هاوبەش دەبێت لەگەڵ هۆکارەکانی تری وەك سروشتی دەنگەکەو ڕۆنانی پێکهاتەکان و مەبەست و ڕوخسار و ناوەرۆکی دەربڕینەکان. قسەکەری هەر زمانێك دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە چەمکی سەرسوڕمان و ڕەزایی و ناڕەزایی و گاڵتە پێکردن و ... هتد دەربڕێت و دەری بخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە، هەر ڕستەیەك دەیان واتاو مەبەستی جیاواز دەبەخشێت بەپێی ئاوازەکەی تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوەو باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازەی ڕستەکەوە دەزانرێ و ئاشکرا دەبێت.

## سەرچاوەكان

**به زمانی كوردی:**

**أ-كتێب:**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٥)، وشەی زمانی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩)، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەكەم (ناو)، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٤- جگەر خوێن، (١٩٦٢)، فەرهەنگا كوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی كامەران، سلێمانی.

٥- ڕۆژان نوری عبدالله، (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، چاپی یەكەم، خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٦- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەكانی (١، ٢، ٣)، چاپی یەكەم، هەولێر.

٧- سەلام ناوخۆش بەكر، (٢٠١٠)، زماننناسی و هەندێ بابەتی زماننناسی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مناره، هەولێر.

٨- شێخ محەمەدی خاڵ، (١٩٦٠)، فەرهەنگی خاڵ، ج١، چاپخانەی كامەران، سلێمانی.

٩- عەبدولواحید مشیر دزەیی، (٢٠١٠)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٠- عەبدولوەهاب خالید موسا، (٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێكتی كوردی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١- عبدالرحمن محمد أمین زەبیحی، (١٩٧٩)، قاموسی زمانی كوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.

١٢- غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، فۆنەتیك، بەغدا.

١٣- كوردستان موكریانی، (٢٠٠٤)، سینتاكسی ڕستەی تێكەڵ، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٤- محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما، واتاو واتا لێكدانەوە، بەرگی یەكەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١٥- محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما، واتاو واتا لێكدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

**١٦- محمد معروف فتاح، (١٩٩٠)، زمانەوانی، بەغدا.**

**١٧- نوری علي أمین، (١٩٥٨)، قەواعدی زمانی کوردی، لە (صرف و نحو)دا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.**

**١٨- نوری علي أمین، (١٩٥٨)، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، (پێشگر و پاشگر)، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.**

**١٩- وریا عمر أمین، (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر.**

**ب- گۆڤار:**

**٢٠- سەلام ناوخۆش، (٢٠٠٦)، لێڵی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ژمارە (١)، لە پێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.**

**٢١- طالب حسین علي، (٢٠٠٢)، دیاردەی هاوواتایی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((زانکۆ))، ژمارە (١٦)، هەولێر.**

**٢٢- وریا عمر أمین، (١٩٩٥)، لێڵی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٦)، بەغدا.**

**٢٣- یوسف شەریف سەعید، (٢٠٠٤)، پارەوانی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٢٣)، هەولێر.**

**پ- نامەی زانکۆیی:**

**١- نامەی دکتۆرا:**

**٢٤- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی، (١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنێمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا، بەغدا.**

**٢٥- طالب حسین علي، (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.**

**٢٦- عبدالله حسین رسول، (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا، بەغد.**

**٢- نامەی ماستەر:**

**٢٧- دارا حەمید محەمەد، (٢٠٠٦)، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا، بەغد.**

٢٨- سازان رضا معين، (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، كۆليجى پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤايەتيەكان، زانكۆى سەلاحەددين، هەولێر.

٢٩- شيروان حسين حمد، (٢٠١٠)، تێڕوانينێكى نوێ بۆ سينۆنيم، كۆلێجى زمان، زانكۆى سلێمانى، سلێمانى.

٣٠- صباح رشيد قادر، (٢٠٠٠)، هاوبێژى و فرەواتايى لە گێرەكدا، كۆلێجى زمان، زانكۆى سلێمانى، سلێمانى.

٣١- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان، (٢٠٠٩)، فرێزى بەند لە زمانى كورديدا، كۆلێجى زمان، زانكۆى سەلاحەددين، هەولێر.

٣٢- فتاح مامە علي، (١٩٨٩)، هاودەنگ لە زمانى كورديدا، كۆلێجى ئاداب، زانكۆى سەلاحەددين، هەولێر.

**به زمانى فارسى:**

٣٣- كورش صفوى، (١٣٨٤)، فرهنگ معاصر، تهران.

٣٤- كورش صفوى، (١٣٨٧)، فرهنگ و هنر سلام، چاپ سوم، خيابان حافظ، كوچه جمشيد جم، تهران.

**به زمانى عەرەبى:**

٣٥- أحمد موختار عمر، (١٩٨٢)، علم الدلالة، ط١، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت.

٣٦- بالمقر، (١٩٨٥)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشة، بغدا.

٣٧- بتول قاسم ناصر، (١٩٩٩)، دلالة الاعراب لدى النحاة القدماء، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغدا.

٣٨- جون لاينز، (١٩٨٠)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشة و آخرون، مطبعة جامعة البصرة، البصرة.

٣٩- جون لاينز، (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، دار الشؤون الثقافية العامة، بغدا.

٤٠- حيلمى خليل، (١٩٨٨)، العربية والغموض، مصر.

٤١- اولمان، (١٩٩٧)، دور الكلمة في اللغة، ترجمة: كمال محمد بشر، مصر.

٤٢- عبدالرحمن جلال الدين بن ابي بكر السيوطى، (١٩٩٨)، المزهر في علوم اللغة و انواعها، مجلد الاول، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان.

٤٣- علي زوين، (١٩٨٦)، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، بغدا.

٤٤- علي عبدالواحد وافى، (١٩٤٥)، علم اللغة، دار النهضة، للطبع و النشر، مصر.

٤٥- كلود جرمان و ريمون لبلان، (٢٠٠٦)، علم الدلالة، ترجمة: نورالهدى لوشن، المكتب الجامعي الحديث، الازاريطة- الاسكندرية.

٤٦- كمال محمد بشر، (٢٠٠٠)، علم الاصوات، القاهرة.

٤٧- محمد علي الخولي، (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النضرى، انطليزى – عربى، مكتبة البنان، بيروت.

٤٨- نايف خرما، (١٩٧٨)، اضواء على دراسات لغوية معاصرة، كويت.

٤٩- نورالهدى لوشن، (١٩٩٥)، علم الدلالة، دراسة و تطبيق، ليبيا.

**به زمانى ئینگلیزى:**

٥٠- Akarajan . A, (١٩٩٥), Linguistics: an Introduction to Longuage and Communication, Fourth Edition. Massac Settees.

٥١- Amin . W . O, (١٩٧٩), Aspects of the verbal construction on Kurdish, University of London.

٥٢- Crystal . D . A, (١٩٩٢), Adictionary of Linguistics and phonetics, third edition, London: black well publishers.

٥٣- Crystal . D . A, (٢٠٠٣), Adictionary of Linguistics and phonetics, fifth edition, London: black well publishing.

٥٤- Fromkin.V, (١٩٨٨), AnIntroduction to Language, Rinehard and Winston Ins: U.S.A.

٥٥- Harford and James, (١٩٨٣), Semantics: A Course book, Cambridge University press.

٥٦- Horsy . K, (٢٠٠١), ١٠١ key ideas: Linguistics London.

٥٧- Haddson . G, (٢٠٠٠), Essential Introdutory Linguistics, Michigan State University, London: Cornwall.

٥٨- Leech . G, (١٩٨٣), principles of programatics, London: Longman.

٥٩- Lyons . J, (١٩٧٧), Semantics, ٢ Vols, London and Newyork, Cambridge University.

٦٠- Mackenze . D, (١٩٦١), Kurdish Dialect Studies, Oxford University press, London.

٦١- McCarus . E, (١٩٥٨), A Kurdish Grammar, American council of Learned Societes, Newyork.

٦٢- Radford . A, (١٩٨٢), Transformational Syntax, Cambridge University press: Cambridge.

٦٣- Sue S, (١٩٩٤), Lexical Ambiguity in poetry, London: Longman press.

٦٤- Thomas . O, (١٩٧٤), Transformational Grammar and the Teacher of English, Second edition, united stated of America.

٦٥- Trask . K, (١٩٩٣), Adictionary of Gramatical Terms in Linguistics, London: Rutledge Inc.

## ملخص البحث

**لقد بحث في هذا البحث الغموض المعنوي في اللغة الكردية حيث يتكون من اربعة فصول اضافة الى المقدمة والتي تتضمن عنوان البحث ومواده و منهجه و اهميته و مشاكله، و كل فصل يتكون من عدة ابواب كما يلى: لقد تحدثنا:**

**في الفصل الاول والذي يحتوي الجانب النظري للغموض عن (مفهوم تعريف الغموض، اسباب ظهور الغموض، الفرق بين الغموض ومبهم، مفهوم وتعريف الجناس، انواع الجناس، مفهوم وتعريف تعدد المعنى، اسباب ظهور تعدد المعنى، الفرق بين الجناس وتعدد المعنى).**

**وفي فصل الثاني تحدثنا عن انواع الغموض (الغموض النحوي والذي يتكون من الغموض التكويني و الغموض النقلي والغموض الانشائي)، والغموض القاموسي حيث يتكون من (الغموض القاموسي الكاتيطوري والغموض القاموسى التام).**

**اما الفصل الثالث فهو يتضمن الغموض ومستويات اللغة والذي يتكون من (الغموض المستوى الفونولوجي) والذي ينقسم على الابواب التالية: المقطع وفوائده وطرق تحديده، البين والذي يتكون من (الوقفة وشبه الوقفة)، وغموض المستوى المورفولوجي والذي يتضمن (الجناس في المستوى المورفولوجي و تعدد المعنى في المستى المورفولوجي)، وغموض المستوى السنتاكسي والذي يحتوي (الجناس في المستوى السنتاكسي، وتعدد المعنى في المستوى السنتاكسي).**

**وفي فصل الرابع والاخير للبحث، قد بحثت طرق ازالة الغموض ، كما يلي: (اطار الاستعمال) حيث قد درسنا انواع السياق، (الشدة) حيث درسنا الشدة كعلامة للوقت، وفي النهاية (النبرة) حيث درست مستويات درجة النبرة، الاشتراك في المعنى، حيث بحثنا انواع الاشتراك في المعنى، طرق التصنيف وطرق الاطار المساعد.**

# Abstract

This thesis is concerned with the semantic ambiguity in Kurdish language. Apart form the introduction which includes the title, the aspect, the proceder, the significance, and the problems of the study. The thesis falls in to four chapters and each chapter consists of some sections:

Chapter one deals with the theoretical ambiguity which includes the concept and definition of ambiguity, the cause of arising ambiguity, the difference between ambiguity and vagueness, the concept and definition of synonymy, and the cause of arising synonymy, the types of synonymy, the concept and definition of polysemy and the cause of arising ambiguity and the distinction between the synonymy and polysemy.

Chapter two is devoted to the types of ambiguity such as the first one is gramatical ambiguity which consists of: structural ambiguity, transformational ambiguity, derivational ambiguity, the second one is lexical ambiguity which includes: categorical lexical ambiguity, complete lexical ambiguity.

Chapter three in this chapter we talk about the ambigiuty and the levels of linguistics such as: phonological level of ambigiuty, wich in this level we talk about syllable, the benefit of syllable, the way of indicating syllable, juncture which includes: stop and pause, Then we talk about the morphological level of ambiguity, which includes the synonymy and polysemy in the morphological level, After that, we talk about the syntactic level of ambiguity in this level we talk about the synonymy and polysemy.

Chapter four, in this chapter which is the last chapter of the study, we talk about the prohibiting of ambigiuty such as talking about the frame of the use, which in this section we talk about the context, stress and then we talk about stress as the symbol of time, intonation, and also we talk about the levels of intonation, synonymy, the types of synonymy, the way making groups, and the helping way of the frame.